
PDF 4 KURD




www.fb.com/PDFkurd

PDF 4 KURD

لایکی پەیجی کتێبی PDF بکەن لە فەیس بووك

www.fb.com/PDFkurd



# ئێوارستان

## پێر لاگەرکڤیست

وەرگێڕانی:

**خەبات عارف**

ENDESE

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: دانا مەلا حەسەن
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

ناوی کتێب: ئێوارستان
ناوی نووسەر: پیێر لاگەر کڤیست
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف
بەراورد و پێداچوونەوەی: فەرهاد شاکەلی
بابەت: شیعر
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٣
چاپخانە: رجایی/ تاران
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٩٢٢)ـی ساڵی (٢٠١٣)ـی پێدراوە.

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی

Pär Lagerkvist
Aftonland
Kabusa Böcker

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshacenter
07501026400

PDF 4 KURD

١

هەموو شتێک زۆر سەیر دوورە ئەمڕۆ،
زۆر دوور لێرەوە.
لەنێو هەورانەوە دەنگی بەیەکدادانی باڵی مەل
دێتە بەر گوێ، زۆر دوور،
زۆر دوور لێرەوە.

ڕوون وەک زەنگێک لە زیو و شووشە،
زۆر لە دووری ئێرەوە،
دەنگی مەلێک دێت، دەنگێکی وەک شووشە شکستۆک
لە ئاسمانێکدا زۆر دوور،
زۆر دوور لێرەوە.

بە تەنیا لە ڕووناکایی ئێوارەدا گوێ شل دەکەم،
ڕۆژەکان خەریکن کورت دەبنەوە.
پاییز هاتووە. بەم زووانە ڕۆژی منیش تاریک دادێت.
گوێم لە دەنگی بەیەکدادانی باڵە من، دوور،
زۆر دوور لێرەوە.

PDF 4 KURD

دەمەو ئێوارەیە کە ماڵئاوایی دەکەیت،
دەمەدەمی زەردەپەڕ.
ئەوسایە کە هەموو شتێک بە جێ دەهێڵیت.

بیر چادرەکانی خۆی کە لە داوەتەونی جاڵجاڵۆکەن
دەپێچێتەوە و
دڵیش لە بیری دەچێتەوە بۆچی ترساوە.
ڕێبواری بیابان هەوارگەکەی خۆی، کە نەختێکی تر
دەبێت بە ژێر لمەوە و لەبەر چاوان ون دەبێت، بە جێ
دەهێڵێت و
لە ئارامیی شەودا دەکەوێتەوە ڕێ،
ئەستێرە پڕ لە ڕازەکانیش دەبن بە ڕێنوێنی.

PDF 4 KURD

لە دواپشووی گەشتەکەدا، لەنێو ماڵی ئێوارەدا،
نانێک لەت دەکرێت و بەدەم بێدەنگییەوە دەخورێت
لەبەر ڕووناکایی زەردەپەڕدا کە لە شووشەی تەڵخی
پەنجەرەکەوە دێتە ژوورەوە.

لەوێ هیچ چرایەک بۆ شەو پێ ناکرێت،
چون هیچ نەوتی چرایەک بەش ناکات و
هیچ سمکۆڵێکیش، لەبەر ئەوەی میوانێک لە شەودا
دەکەوێتەوە ڕێ، تۆ بە ئاگا ناهێنێتەوە.

دوور لێرەوە بەیانی باڵی بەسەر درەختەکاندا کێشاوە و
گوڵەکانیش بۆ ئەوەی ژیان برازێننەوە دەکرێنەوە،
بەڵام تۆ لە بیرت کردوون، درەخت و گوڵەکانت لە بیر
کردوون،
کە ناخۆشیی ئەم دنیایە و خۆشیی ئەم دنیایە بوون.

PDF 4 KURD

ڕۆژێک دێت تۆیش دەبیت بە یەکێک لەوانەی
زۆر لە مێژ بوو ژیابوون.
زەوی وەک چۆن گیا و دارستان و گەڵای ڕزیوی بیر
دەکەوێتەوە،
ئاوایش تۆی دێتەوە بیر.
وەک چۆن گڵ و
وەک چۆن چیاکان، بایان بە بیردا دێتەوە.
خامۆشیت وەک زەریا بێ کەنار دەبێت.

PDF 4 KURD

## مردووەکە

هەموو شتێک هەیە، تەنیا من نەبێت کە ئیتر نیم،
هەموو شتێک ماوەتەوە، بۆنی بارانی نێو گژوگیا
کە لە بیر ناچێتەوە و سرتەی بای نێو درەختان،
کۆچی هەور و پشێویی دڵی مرۆڤ.

تەنیا هەر پشێویی دڵی منە کە ئیتر نەماوە.

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

دەستی دەمەو زەردەپەڕت درێژ دەکەیت و
ڕۆحە پڕ لە ئازارەکەت پشوو دەدات،
سوتووی قورسی دڵ دەکوژێنیتەوە و
بەنێو ئێوارستاندا پێش ئەو ماندووە دەکەویت
کە دەچێت ئارام بگرێت.

ئەو ژیانەی کە پێدەچێت وێران بووبێت،
بەنێو خاکی شەوڕەنگدا شۆڕ دەکەیتەوە،
ئەو ژیانەی تۆوچێن دەیداتەوە بە خاک
کاتێک بە چاوی خۆی بەری ڕەنجی خۆی دەبینێت.

PDF 4 KURD

هەموو شتێک لە بیر دەکرێت. چارەنووسی گشت مرۆڤان
بە پێپلیکانەی لێڵ و تاریکی بیرچوونەوەدا بەرەو خوار
دەبێتەوە،
بۆ ئەوەی لە دواتاریکیدا بکوژێتەوە.
هەموو شتێک دەکوژێتەوە. تراژیدیاکان کۆتاییان دێت،
چرا ڕووناکیپژێنەکە دەکوژێتەوە، گشت ئەستێرەکانی
ئاسمانیش،
کە شاهیدی ڕووداوی بێبەزەییانەی دراماکە بوون،
دەکوژێنەوە،
ئەو درامایەی لە بەدکاریی خۆیدا بێمانا و کلۆڵ بوو.
سەرشانۆکە چۆڵوهۆڵ، کولیسەکانیش پیسوپۆخڵ،
ئەو خەنجەرە ژەهراوییەیش کە خەڵک دژی یەکتر
بە کاریان هێناوە لەسەر سەرەنوێلکەکەی خۆی فڕێ دراوە.

بیرچوونەوە، بێدەنگی.
هیچ شتێک ناکەوێتەوە بیر.
هیچ کەسێک ناکەوێتەوە بیر.
چۆڵی.

ئەمە هەمووی بوو؟
نازانین.

PDF 4 KURD

ئاسکەکە بە سەرسووڕمانەوە سەیری ڕاوچییەکە دەکات
کە لەسەر نەرمەگیای تەڕی نێو قووڵایی دارستان مردووە،
سەری بە تاجە قورسەکەیەوە شۆڕ دەکاتەوە
بەسەر ئەو خوێنەدا کە لە سینیگەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەرێ بوونەوەرێکی وەک ئەمەیش خوێنی لێ دێت؟
ئەرێ خراپەیش دەتوانێت وەک ئێمە لە دارستاندا بمرێت؟
دەتوانێت ئاوها بە چاوی زۆر گەورەوە و
بە نیگایەکەوە کە لێوانلێوە لە پرسی بێهوودە بکەوێت؟

ئەی کامەیە دەستەڵاتەکەی، کاتێک کە بۆ خۆیشی،
وەک ئێمەی بێچەک، بە لادا دێت و نیونیگایشی پڕە لە
هەمان دڵەلەرزەی بێدەنگ و لە هەمان ڕاز؟

PDF 4 KURD

# فریشتەی پیر

باڵەکانم قورسن،
قورستر لە خۆم،
ناتوانن چیتر بەرزم بکەنەوە.
ڕەنگە لە جێیەک،
بەو بەرزییەوە،
ڕۆژ بێت،
بەڵام لێرە
لە دەربەندەکەی مندا
نا.

شتێک لەنێو مندا
لە خۆم گەورەتر بوو،
وای لێ کردم بەرزتر بڕوانم.
باڵم قورسە،
لێدانیشی قورس،
ناتوانێت چیتر بەرزم بکاتەوە.

PDF 4 KURD

جارێک بەرەو ئاسمان
چوومە نێو ڕووناکییەوە و
بەرەو گەردوونی بێپایان
سەر کەوتم.
بە دەم هاواری خۆشییەوە
گوێم لە لێدانی باڵەکانم بوو،
ئەو باڵانەی ئێستا
لێم بوون
بە بار.

چەند جوانە بژییت،
چەند جوانە باوەڕ بکەیت و
چەند جوانە گەردوونی بێپایان.
قورسە پیر بیت و
لەنێو دەربەندەکاندا بژییت
ڕۆحی خۆیشت وەک بارێک هەڵبگریت.

PDF 4 KURD

٢

سێبەر بە ئەسپایی بەنێو وڵاتەکانمدا دەگەڕێت،
بەژنوباڵای کوژاوەی ڕووناکین.

چیاکان لووتکەکانی چارەنووسی خۆیان بەرز دەکەنەوە.
خۆڵەمێشی دوای سووتماکیان لێ نیشتووە.

وڵاتی بێمەل و جێهێڵراو. کێ ڕۆژێ لە ڕۆژان لێرە ژیا؟

مەشخەڵە کوژاوەکان
بەنێو دۆڵەکاندا، دۆڵە چۆڵەکان، هەڵدەگیرێن.
ئەو مەشخەڵانەی لە بۆشایی ئاسماندا گڕی خۆیان لە
دەست داوە،
لە ئاسمانێکی بێ بەیانی و بێ ئێوارەدا.

PDF 4 KURD

ئاسمانی بەیان و ئەستێران،
گیای هاوین و بارانی سازگاری بەهاران،
سەرچاوەی گشت زیندووەکانیش بە تەنیا جێیان هێشتووم.
بەجێماوم.

هەموویان کۆچیان کرد، هەموو هاوڕێکانم،
بای هاوین، گیای نمگرتووی سبەینان،
بۆنی دارستانی دوای باران، هەر زۆر تەنیام.
سەرچاوەی گشت زیندووان
مات و بێدەنگ.
جێهڵراوم بە تەنیا، بەجێماوم.

ڕێگای بەرەو تاریکی، تاریکیی میهرەبان و نەرمونیان،
کامەیە؟
کوانێ دەروازەی دەرچوونی پەرژینەکەی چواردەوری
ژیانستان، کوانێ؟
ئەو دەروازەیەی کە پێی گەیشتیت دەبێت خۆت
بچەمێنیتەوە!

PDF 4 KURD

لە بیابانستان، لە کەناری دەریاچەی مردووان،
لە دەشتودەری مانگی تەنیاییدا ــ ــ

بیرم لەم کەنارە پڕ لە خوێیانە، خەریکی چییە.
ڕۆحم بۆچی بەسەر ئەم ئاوە بۆر و ئاوێنەڕەنگەدا دێت و
دەچێت.
کە ڕەنگی لە ڕەنگی تەرم و قوڕقوشمە.

دەبوو هاوار ببیسترێت. بەڵام نابیسترێت.
دەبوو چادر دابگیرێن، وشتر لە بەرەبەیاندا بار دەکرێن.

بەڵام هەموو شتێک هەر بێدەنگییە و بێدەنگی.
بیابان بە کەناری مردوویەوە، بە پارێز، نزیک دەبێتەوە و
ئاوە مەنگەکەیش جووڵەی لێوە نایەت.
تەنیا ڕۆحی منە بە باڵە ماندووە ماندوونەبووەکانیەوە
بەسەر ڕووبەری بۆری گولئاسایەوە دەخولێتەوە.

PDF 4 KURD

هەموو لایەکی بە بۆشایی گیراوە
وەک کۆمەڵە ئەستێرەیەکی نێو بۆشایی ئاسمان،
کە دووریی نێوان نوختە ڕووناکەکانی،
نێوان خۆئاشکراکردنە بێکاتەکانی، بێسنوورە.

ئاوها لە هاوسەنگییەکی تەواودا،
لە کامڵبوونێکی مردوودا،
دەژی حەقیقەتی نەبوونە گەورەکە.
ڕۆحی بۆشایی.

بە وێنەی کۆمەڵە ئەستێرەیەک
کە ناوێکی یەزدانەتیی هەیە،
ناوێک دەمێکە لە بیر کراوە.

PDF 4 KURD

٣

دەمویست بزانم
بەڵام تەنیا بۆم هەبوو بپرسم،
ڕووناکیم دەویست
بەڵام تەنیا بۆم هەبوو بسووتێم.
داوای دنیای بێکۆتاییم کرد و
تەنیا بۆم هەبوو بژیم.

گلەییم ـ لە بەختی خۆم ـ کرد.
بەڵام کەس تێنەگەیشت مەبەستم چی بوو.

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

ئای مرۆڤ، ئەی ئەو بیرەی ئەستێران خۆیانی تێدا دەبینن.
چەند جاران بەسەرتەوە نەوەستام، تەماشای قووڵاییەکەتم
نەکرد و نەگەڕام بۆ مانای دوولایەنەی ڕاز.
چەند جاران نەمویست ڕوونی، دڵنیایی
لەم ئاوە پیسبووە، قووڵە، بخۆمەوە،
کە هێندە لەبارە بۆ ئەوەی ئەستێران لەسەر ڕووی
دەرکەون،
بەڵام نالەبار بۆ شکاندنی تینوێتیی ڕۆح و ئێش و ژان.

ئاوەکەت بۆگەنە و بنیشت لێڵ،
ڕووناکیی ئەستێرانیشت هەر بە قەرز وەرگرتووە.
لەگەڵ ئەوەیشدا ـ ڕازی هەموو قوببەی ئاسمان
لە ئاست ڕازی ئاوێنەکەی تۆدا چڵوچێوە.

PDF 4 KURD

مەتەڵەکەت هەڵبێنە، براله،
ئەی ئەوەی ئەم ئێوارەیە لە ژێر ئەستێراندا ڕاتدەژێنم.
ئاسمانەکان تاریک دەبن و دنیایش گەورە و فراوانە،
بێشکەکەیش بە ئەستێرانەوە هەڵواسراوە.

مەتەڵەکەت هەڵبێنە، مەتەڵی خۆت و مەتەڵی من،
پاشان دەتوانیت بەوپەڕی ئارامییەوە
لەنێو خەونە هەرەجوانەکانتدا بنوویت و
هیچ شتێکیش ئازارت پێ نەگەیەنێت.

PDF 4 KURD

تۆ ئەی ئەو مرۆڤەی لەسەر کەنارەکەم ڕاوەستاویت،
گوێ لە گۆرانییەکەم بگرە.
گوێ لە بەشێکی زۆر زۆر بچووکی گۆرانییەکەم،
گۆرانییە هەتاهەتاییەکەم، بگرە
کە دەدات بە کەناردا.

مەڕۆ. ڕوو وەرمەگێڕە.
کە تۆ لێرەیت دڵخۆشم دەکەیت
وەک چۆن من بە هاژەی شەپۆلەکانم دڵخۆشت دەکەم.
ئەی نامۆ، ئەی ئەوەی ڕوخسارت هێندە جوانە،
بۆ ماوەیەک.

بۆ خەمبارت دەکەم من؟
بۆ دەموچاوت بە گۆرانییەکەی من
بە گۆرانیی هەتاهەتایی،
بە گۆرانیی شەپۆلانی
بەرەو کەنار،
هێند پەست دەبێت؟
بۆ خەمبارت دەکەم من؟

PDF 4 KURD

تاسەی من هی من نییە.
هێندەی ئەستێرەکان کۆنە.
ئەمیش جارێک لە جاران
وەک ئەوان
لە هیچەوە
لە بۆشاییە بێسنوورەکەوە،
لە دایک بووە.

شنەی نێو درەختان،
بەر کەنار کەوتنی شەپۆلان،
کێوە مەزنەکانی دوورە وڵاتان ـ
تاسە و ئارەزووم خەبەر دەکەنەوە.
بەڵام بۆ شتێکی ئێرە نا.
بۆ شتێک کە بێسنوور لێرەوە دوورە،
شتێکی زۆر زۆر کۆن ـ

زۆر پێش زەریا و زۆر پێش شاخ و زۆر پێش با ـ

گوێ لەو بایە دەگرم کە دیسان جێپێکانم دەسڕێتەوە.
ئەو بایەی هیچی بە بیردا نایەتەوە و
نە تێدەگات و نە بە لایەوە گرنگە چی دەکات
بەڵام چەند جوانە بۆ گوێلێگرتن.
بای نەرمونیان،
نەرمونیان وەک فەرامۆشی.

سبەینێ بەری بەیان
دەکەومەوە ڕێ.
لە کازیوەی بەیاندا، کە وەک نەرمەبایەک ئارامە،
دەکەومەوە ڕێ
یەکەمین هەنگاوم دەنێمە سەر
ئەو لمەی دڵگیرانە پێی پێدا نەنراوە.

PDF 4 KURD

لەوێ، دوورەجێیان، بەسەر تووڵەڕێ شینەکاندا دەگەڕێن
تاجی زیوینیان لەسەر سەرە و
بەژنوباڵایشیان بەرز و کەسنەدیو

لەوێ پاشایان تاجەکانیان هەڵدەبڕن و
ڕووناکییەکی نائاشنایش لەنێو بەردی تاجەکانیاندا
دەدرەوشێتەوە
هەموو شتێک بەیانییە و جاری یەکەم
بەیان و خۆرهەڵاتێکی هەمیشەیی.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئەوسایە کە فریشتە هەرەگەورەکان
دیوارەکان دەڕووخێنن و
ئازادی، ئازادی
بۆ گشت ڕۆحەکان،
بۆ ڕۆحی من،
بۆ ڕۆحی تۆ،
جاڕ دەدرێت.
ئەوسایە کە گشت دەستبەندەکان دەپچڕێن،
لەنێو دەنگێکی سەرگێژکەری زۆر بەرزدا،
هێندە بەرز کە هیچ کەس نایبیستێت،
بەڵام ئێمە دەبینین دەستبەندەکان وەک بلوور دەشکێن.
ئەوسایە کە سەردەمی تەواوی و بێخەوشی دەست پێ
دەکات و
هەموو ئاسمانەکان پڕ دەبن لە ئارامی
ئارامیی دیوارە ڕووخاوەکان،
ئارامیی بۆشاییەکانی ئاسمان کە ڕوو لە بەرزین،
ئارامیی ئازادی
بێ هیچ سنوورێک.

تۆ ئەی ڕێی کاکێشانی بان تەنیایی ڕۆح،
تۆ ئەی تاسە و ئارەزووی ئەبەدی.
بسووتێ، زۆر دوای منیش بسووتێ،
زۆر دوای ئەوەیش کە ئیتر من نەماوم،
منێک کە هەرگیز بۆم نەکرا بەسەر پردەکەتدا هەڵگەڕێم.
بسووتێ بۆ ئەو خەڵکەی کە جارێک لە جاران
بەنێو بۆشاییەکانی ئاسماندا
بەرەو ئێرە دێت، ئەو گەلەی بە دڵنیاییەوە بەسەر
شوێنەواری پردێک لە ئەستێراندا
هەنگاو دەنێت.

PDF 4 KURD

## ٤

دەمویست کەسێکی تر بم،
بەڵام نازانم کێ.
نامۆیەک پشت لە من ڕاوەستاوە و
تەوێڵی کردۆتە ماڵی گڕگرتووی ئەستێران.
من هەرگیز چاوانی ئەو نابینم و
ڕەنگوڕوویشی هەروەها.

دەمویست کەسێکی تر بم،
نامۆیەک، کەسێکی تر، نەک خۆم.

PDF 4 KURD

من ئەوەم کە بەردەوام دەبێت
کاتێک تۆ لە جێی خۆتدا دەمێنیتەوە،
ئەوەم شەوان دەچێتە دەرەوە
کاتێک تۆ دەڕۆیت بۆ پشوودان.
ئەوەم دەروازەی تاریکی دەکاتەوە و
بەردەوام دەبێت،
بەرەو تاریکی و ئەستێرەکان و
بەردەوام دەبێت.
لە تووڵەڕێیەکی نادیاردا،
تووڵەڕێیەک کە ڕەنگە هەر نەیشتبێت،
بە جێت دەهێڵم.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

تۆ ئەی ئەوەی پێش چیا و هەورەکان
پێش با و زەریاکان
هەبوویت.
تۆ کە سەرەتات پێش سەرەتای هەموو شتێکە و
شادی و خەمت لە ئەستێرەکان پیرترە.
تۆ کە بۆ هەمیشە گەنجوجوان بەنێو ڕێی کاکێشان و
بەنێو ئەو تاریکییە گەورانەی نێوانیاندا
گەڕاویت.
تۆ کە پێش تەنیایی تەنیا بوویت و
دڵیشت لێوانلێو بوو لە ترس، زۆر پێش هەبوونی دڵی
مرۆڤ ـ
لە بیرم مەکە.

بەڵام ئاخۆ چۆن منت بە بیردا دێتەوە.
زەریا چۆن دەتوانێت ئەو لەپکەیەی بە بیردا بێتەوە
کە جارێک لە جاران بە نێویدا هاژەی کردووە.

PDF 4 KURD

کەمخایەن وەک گوڵاڵە سوورەیەک،
وەک چرچولۆچی جلوبەرگی ڕێبوارێک،
ڕێبوارێکی نەناسراو
بە ئامانجێکی نەناسراوەوە.

کێم من؟

وەک چەمانەوەی تەڵەگیایەک بەدەم باوە.
کاتێک کە هەڵدەستێتەوە هیچ شتێک ڕووی نەداوە،
هیچ شتێک.

بەڵام کێیە ئەو، ڕێبوارەکە کێیە؟
ئەو ڕێبوارەی کە وەک من کاتەکی نییە.
دەپرسم. بەڵام ئەو چۆن بتوانێت ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە؟

لە هیچ شتێک تێ ناگەم من
لە ژێر ئاسمانێکدا کە بە تەواوی بە ئەستێران نووسراوەتەوە.

کێ پێش من بەم دەوروبەرەدا ڕۆیشتووە و ئەم هەموو
نیشانانەی لە ئاسماندا هەڵکۆڵیوە؟
سەر لە نووسینەکەی دەرناکەم، بەڵام ڕەنگە مەبەستی ئەوە
بێت ڕێی ئەو بگرمە بەر و دوای بکەوم.
بۆ کوێ؟

خۆ منیش وەک ئەو ناتوانم بە بۆشاییەکانی ئاسماندا
لەسەرخۆ بگەڕێم.
من ناچارم لێرە بمێنمەوە کە ڕەنگە جێوڕێشم هەر ئێرە بێت
ـ ئەگەرچی مرۆڤ ناتوانێت لەمەیش دڵنیا بیت.
من ناچارم لە ژێر ئەو نیشانانەدا بمێنمەوە
کە بە ڕێکەوت لێرە هەڵیکۆڵیون
کاتێک کە بەنێو بۆشایی بێپایانی ئاسمانەکاندا گەڕاوە،
نیشانەگەلێک کە ڕەنگە مانایشیان ئەوە نەبێت
ڕێی ئەو بگریت و دوای ئەو بکەویت.
ئەگەرچی هەرگیز ناتوانیت لەمەیش دڵنیا بیت.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئەوەی کە بۆ ئەو تەنیا هەوارگەیەکی شەو بوو
من و کەسەکانم دەمانەوێت بیکەین بە ئەشکەوتێک
تێیدا بژیین و بمرین،
چونکە وا پێ دەچێت مانای هەبوونی ئێمە ئەمە بێت.
نیشانەکانی ئەویش لە تاقی ئاسماندا کە کەس سەریان لێ
دەرناکات، ئارامیش بە ئەشکەوتەکە ببەخشن.
هیوای ئێمە ئەمەیە. کە نیگەرانیی ڕێبوارەکە ببێت بە
ئاساییشی ئێمە.
بەڵام سەبارەت بەمەیش هیچ نازانین.

سێبەری ئەو کەوتە سەر زەمین.
ئەرێ ئەوە ئەو بوو کە بە لای ڕووناکایی ئەستێرەکاندا
تێپەڕی؟
ئەرێ ئەوە ئەو بوو بەلای جێژیانی ئێمەدا بەرەو شتێکی تر
ڕۆیشت؟
سێبەری ئەو کەوتە سەر چادرەکانمان و
ئێمەیش لەو شەوەدا وەک ئەوەی درەوشانەوەیەکی بەهێز
بە ئاگات بهێنێت
بە ئاگا هاتین.

سێبەری ئەو، ئەو خۆی نییە،
بەڵام نێو چادرەکانمان ڕووناک بووەوە.

ئەو شەوە نەمانتوانی چیتر بنوین.

PDF 4 KURD

کێ بوو بە بەر پەنجەرەی منداڵیمدا تێپەڕی و
بە هەناسەی تەڕی کرد،
کێ بوو بەنێو شەوی قووڵی منداڵیمدا ڕۆیشت،
کە هێشتایش هیچ ئەستێرەیەکی نییە.

بە پەنجەی، بە نەرمایی پەنجەی،
نیشانێکی لەسەر شووشەکە،
لەسەر شووشە تەمگرتووەکە، کێشا و
بەدەم بیر و خەیاڵاتەوە ڕۆیشت و
بۆ هەتاهەتایە
جێی هێشتم.

چۆن بمتوانیایە نیشانەکە، نیشانەی هەناسەی ئەو
لەسەر شووشە تەمگرتووەکە لێک بدەمەوە.
نیشانەکە بۆ ماوەیەک لەسەر پەنجەرەکە مایەوە،
بەڵام هێندەیش نا کە بتوانم لێکی بدەمەوە.
ئەبەدییەتی ئەبەدییەت بەشی نەدەکرد بۆ لێکدانەوەی.

PDF 4 KURD

بۆ سبەینێ کە لە خەو ڕابووم، شووشەی پەنجەرەکە ڕوون
ڕوون بوو
دنیا خۆی چۆنە، منیش هەر وام بینی.
هەموو شتێکی ناویشی بە من نامۆ و
ڕۆحیشم پڕ بوو لە تەنیایی و ترس
لە پشت شووشەکەوە.
کێ بوو بەم ناوەدا تێپەڕی،
بە لای شەوی قووڵی منداڵیمدا تێپەڕی و
بۆ هەتاهەتایە
بە جێی هێشتم.

PDF 4 KURD

له هەموو جێیەک، لە هەموو ئاسمانان شوێنەواری ئەو
دەدۆزیتەوە،
هەموو بۆشاییەکانی ئاسمان پڕن لە نیشانە نهێنییەکانی
ئەو،
هەموو بەرزاییەکان، گشت قووڵاییەکان پڕن لە نووسینی
ئەو،
کە تەنیا خۆی دەتوانێت لێکی بداتەوە.

ئای، تۆی گەورە، بۆ فێرمان ناکەیت کتێبەکەت بخوێنینەوە.
بۆ پەنجەت بە نیشانەکانیدا ناهێنیت و فێرمان ناکەیت
پیتەکان بڵێینەوە و تێ بگەین،
وەکو منداڵ.

نا، تۆ وا ناکەیت. خۆ تۆ مامۆستا نیت.
تۆ وەک خۆی چۆنە ئاوها دەیهێڵیتەوە. ناڕوون بەو جۆرەی
کە هەیە.

PDF 4 KURD

جارێک لە جارانیش لە ئێوارەی کاتەکاندا، دەست دەبەیت و
هەموو شتێک دەکوژێنیتەوە، هەموو شتێکیش تاریک
دەکەیت، ڕێک وەک پێش ئەو کاتەی هەڵسایت و
بیرەکانت بە جێ هێشت، هەڵسایت و
بە ڕێ کەوتیت بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگاکەت بە پشکۆکەی
نێو دەستت نیگاریان بکێشیت؟

PDF 4 KURD
www.fb.com/PDFkurd

PDF 4 KURD

چیم بەسەر هات ئەو ئێوارەیە،
ئەو ئێوارەی پاییزەی چووم دەستەچیلە بۆ دایکم بهێنم؟
ئێستایش زۆر باش لە بیرمە، هیچ ئێوارەیەکم
وەک ئەو ئێوارەیە بە بیردا نایەتەوە.
ئەوسا بوو کە بۆ یەکەمین جار ئەستێرەکانم بینی.

بە دەستەچیلەکانی نێو باوەشمەوە سەرم هەڵبڕی و
سەیری ئاسمانم کرد و ئەوسا ئەوانم، بەو بەرزییەوە، بینی،
دەوردراو بە تاریکییە بێسنوورەکەیان. لە هەموو جێیەک
بەسەر سەری منەوە بوون،
لە چۆڵەوانییەکی بێسنووردا.

تەواو ئارام و بێدەنگ ڕاوەستام. هەموو شتێکم لە بەر چاو
ون بوو،
هەموو شتێک کە پێشتر هەبووبوو، هەموو شتێک کە هی
من بووبوو،

PDF 4 KURD

ئەسپە بچکۆلە سپییەکەم، تۆپە لاستیکەکەم،
دڵشادیم بەرانبەر لە خەو ڕابوونی بەیانیان،
تیشکی خۆر، هەڵماتە بەردینەکان و هەڵماتە گەورە
شووشەکەیش،
گشت کەرەستەکانی یاریکردن.

کە چوومەوە ژوورەوە بۆ لای دایکم و دەستەچیلەکانم
لە تەنیشت ئاگردانی موبەقەکەوە دانا،
دڵنیام، هیچ شتێکی سەیر و تایبەت لە مندا نەدەبینرا،
بێگومان هیچ شتێک.
بەڵام کە چووم و لەسەر کورسییە بچکۆلەکەم،
زۆر دوور لەوانی ترەوە، دانیشتم
چیتر منداڵ نەبووم.

به چاوی پیرەوە لە دوای خۆم دەڕوانم.
هەرچی هەیە زۆر لە مێژە و زۆر دەمێکە.
ڕێگایەکی پڕ لە بەرد و
چەند گایەکی ماندوو کە دەیانەوێت بۆ ئێوارە بۆ ماڵ
بگەڕێنەوە،
بارێک، جێپێچکەیەکی کۆن، لای پانی بۆری خانوویەک،
سووتانی مۆمێک لە یەکێک لە پەنجەرەکانیدا،
گژوگیای دەوری چەمەکە و
ڕووی ئاوە ڕەشهەڵگەڕاوەکەی کە تەمومژ دایگرتووە ـ

ئەمەم بۆ بە بیردا دێتەوە؟ من چیمە بەسەر ئەمەوە؟
ژیانم زۆر دوور لێرەوە، لە دنیایەکی تردا، بەسەرچوو.
وەک ئەوەی لە دنیایەکی تردا بەسەربچێت، بەسەرچوو.
ئێستاش ئیتر بەم زووانە هەموو شتێک دەبڕێتەوە و
چیش دەبێت با ببێت.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لە کوێ مرۆڤ لە دایک دەبێت،
لە کوێ ژیانی دەست پێ دەکات،
بۆ ئەوەی پاشان لە بەر دەروازەکانی مەرگ
کۆتایی پێ بێت،
ئەمە مانای چییە؟

ڕێگایەکی بەردرێژ
بارێک، شوێنەواری کۆنی پێچکەیەک ـ

***

ڕۆحم لێوانلێوە لە هەژاریی ئێوارە و
لە ڕووناکایی چراکۆنی گەورەکە
کاتێک بەنێو ئاغەڵەکاندا،
کە ئاژەڵەکان بە قووڵی تێیاندا خەوتوون،
دەگێڕدرێت.
پاشان بەرەو خانووەکە و
بە ڕێڕەوی باخچەکەدا هەڵدەگیرێت و پرتەپرت دەکات،
ئەو باخچەیەی ئێستا نەماوە و
دەنگی پێی مرۆڤێک کە زۆر دەمێکە مردووە دەبیسترێت.
هەرچی هەیە زۆر لە مێژە و زۆر دەمێکە.

ڕۆحم پڕە لە هەژاریی ئێوارە و
ڕووناکایی کۆنەچرای گەورەکەی ماڵ

PDF 4 KURD

بەسەر ڕێڕەوی باخچەکەوە کە ڕووەو ماڵەکەیانە
ئەو ماڵەی ئێستا ئیتر نەماوە

ڕۆحم؟ ڕۆحم چ کارێکی بەمەوە هەیە؟
چ کارێکی بە گژوگیای دەوری چەمێکەوە هەیە،
لە ئێوارەیەکی تەمومژاویدا، ڕووناکایی چرای گەوڕێک ــ
ڕۆحم هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی لە شوێنە دوورەکان،
لە شتە نادیارەکان، بگەڕێت و
لە ژێر ئەستێراندا بێت و بچێت.

ڕێگایەکی بەردڕێژ، بارێک، شوێنەواری کۆنی پێچکەیەک ــ

***

بە دەستی نووقاوەوە گوێ بۆ وشە ڕادەدێرن،
وشەی زۆر گەورە و گران بۆ ڕۆحی مرۆڤ،
بە دەستی نووقاوەوە لە دەوری مێزێکی داڕزاو
کە پێش دەمێک نانی ئێوارەی لەسەر هەڵگیراوە،
کتێبێکی کۆن هێنراوەتە پێش لە ئارامیدا،
لە ئارامییەکدا کە لە ئارامیی سەرزەمین ناچێت.
ئەستێرەیەک لە وڵاتێکی دوور دوورەوە بەسەر بانی پڕ لە
گژوگیای خانووەکەوە ڕاوەستاوە،
خانووی مردووەکان
لە ئێوارەی درەنگەپاییزدا.

ئەوەتا کەسێک بە هەنگاوی قورسەوە دێتە ژووریٚ،
چرای گەورەکە لەپاڵ دەرگاکەوە دادەنێت و
دەچێتە ناو ڕووناکایی ئەستێرەکەوە.
ئێستا هەموویان لێرەن.
بەڵام هەر هەموویشیان مردوون.

***

ئەوانیش لە ڕووناکایی ئەستێرەیەکدا دەژیان
کاتێک ڕۆژی گرانی کارکردنیان کۆتایی دەهات.
پێکەوە لەنێو ڕووناکاییە ئارامەکەیدا دادەنیشتن،
ڕووناکایی یەک تاکە ئەستێرە ـ نەک هیی هەموو ئەستێران،
هەموویان.

هەموو پێکەوە...
لە دەوری مێزێکی کۆن.
بە دەستە زلە ماندووەکانیانەوە، دەستی کارکردن.

بۆ ئەمەم دێتەوە بیر؟ من چیمە بەسەر ئەمەوە؟
ئەی ڕۆح بەتەنیا، بە گڕە تاریکەکەی خۆت بسووتێ! ـ ـ ـ

***

نامۆیەکم من، لە دایک بووم بۆ ئەوەی نامۆ بم.
ئێستایش لە پاییزی ژیانمدا نامۆم من.
بە چاوی پیرەوە دەڕوانمە ڕابوردووی خۆم

ئێمە لە کوێوە دێین؟ ڕۆحمان چییە؟
تەمومژی سەر ئاوێکی ڕەشهەڵگەڕاو، ڕووناکایی چرای
گەوڕی ماڵ، ڕووناکایی ئەستێرەیەک؟

دەست لەسەر چاوە پیرەکانم،
کە جارێک لە جاران چاوی منداڵێک بوون ـ
... خانووی مردووەکان
لە ئێوارەی درەنگەپاییزێکدا.

ئەوەتا کەسێک بە هەنگاوی قورسەوە دێتە ژووری و
چرای گەوڕەکە لەپاڵ دەرگاکەوە دادەنێت و
دەچێتە نێو ڕووناکایی ئەستێرەکەوە.
ئێستا هەموویان لێرەن...

بۆچی ئەمەم دێتەوە بیر؟

پێم بڵێ تۆ ئەی ئەستێرەی ئەبەدی
بۆ لەو سەرەوە چاوت تێبڕیوم.
وەک ئەو دوژمنەی لە دوورەوە دەڕوانێت
تۆیش بەردەوام چاو
لەسەر من هەڵناگریت.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

نیگات تیژە و دەسمێ و تا قووڵایی ڕۆحم دەچێت
تۆ ئەی سەرەڕمی لە ئەبەدەییەتەوە هاتوو،
دیارە خۆشیی منت ناوێت.

من ئەزەلی نیم، بوونم
دەڕژێتە ناو لمەوە.
ئەی ئیتر بۆ بە ڕمە
گرداره‌کەت کوناودەرم دەکەیت.

زۆربەی شت هەر زۆر بێمانایە.
بەڵام شتێکی زۆر گەورەیش هەیە کە وەک هەورێک لە
پشکۆ
بە ئاسماندا بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێت و
هەموو شتێک دەخوات.
ئەوسایش هەموو شتێک دەگۆڕێت،
تۆ بۆ خۆیشت دەگۆڕێیت و
ئەوەی کە هەر نەختێک لەمەوپێش
پێت وا بوو بەنرخترین شتە
چیتر هیچ نرخێکی نەماوە بۆت.
تۆ بەنێو خۆڵەمێشی گشت شتەکانیشدا دەڕۆیت و
بۆ خۆیشت خۆڵەمێشیت.

زۆربەی شت زۆر بێمانایە.

PDF 4 KURD

وەک هەور،
وەک پەپوولە،
وەک هاڵاوی سووکە هەناسەی سەر ئاوێنەیەک ـ

کەمخایەن،
لەگۆڕانهاتوو،
ون دوای ماوەیەکی کەم.

ئای، ئەی خواوەندی گشت ئاسمانان،
خواوەندی گشت چارەنووس و دنیاکان،
چ مانایەکت لە بوونی من هەبوو؟

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

نامۆیەک هاوڕێمە، کەسێک کە نایناسم.
نامۆیەکی دوور، زۆر دوور لێرەوە.
سەبارەت بەو دڵم پڕە لە تەنگاوی.
لەبەر ئەوەی لە لام نییە.
لەبەر ئەوەی ڕەنگە هەر نەیشبێت؟

تۆ کێیت کە دڵم پڕ دەکەیت لە دووریی خۆت؟
کە هەموو دنیا پڕ دەکەیت لە دووریی خۆت؟

چی هەیە وەک تاسە قووڵ بێت.
چی هەیە وەک بۆشایی دڵ پڕ بکات.
چی هەیە ڕۆح پڕ بکات وەک تاسەی شتێک کە نییە،
کە دەزانێت نییە.

خەڵکی تر لای تۆ دەگەن بە هێمنی.
خەڵکی تر لە ئاگری تۆدا دەسووتێن،
لەنێو باوەشە ئاگراوییەکەتدا پشوو دەدەن.
بەڵام بەختەوەریی ئەوان کامەیە
لە ئاست بۆشایی مندا،
کامەیە تێکەڵبوونی وەک پشکۆ داگیرساوی ئەوان
لەگەڵ تۆدا
لە ئاست تەنیایی مندا.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئەو خوایەی کە نییە،
ئەو خوایەیە کە ڕۆحی من لەنێو کڵپەی ئاگردا
دادەگیرسێنێت.
ئەو خوایەیە کە ڕۆحم دەکات بە چۆڵەوانییەک،
بە زەوییەک کە دووکەڵی لێ هەڵدەستێت، بە خاکێکی
سووتاو
کە بۆ ئاگری زیاتر دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە.
چونکە ئەو خودایە نییە.
ئەوە کە ڕۆحم ڕزگار دەکات بەوەی بێهێزی دەکات و
دەیسووتێنیت.
ئەو خودایەی کە نییە.
خوا تۆقێنەرەکە.

PDF 4 KURD

ئەوە خودا نییە کە ئێمەی خۆش دەوێت،
ئەوە ئێمەین کە ئەومان خۆش دەوێت.
ئێمەین کە بە تاسە و ئارەزووی شتێکی ترەوە خۆمانی بۆ درێژ دەکەین،
شتێک کە لە سەرووی خۆمانەوەیە،
ڕێک وەک خۆشەویستی.
تاسە و ئارەزوویشمان تا کەمتر وەڵام بدرێتەوە، گەرمتر دەبێت،
نائومێدییشمان قووڵتر دەبێت، تا زیاتر تێبگەین بەجێهێڵراوین
تێبگەین کە کەس ئێمەی خۆش ناوێت.

چی هەیە قووڵتر بێت لە تاسە، لە ئەوینێکی یەکلایەنە.

PDF 4 KURD

که تۆ باوەڕت بە خودایەک هەیە و خودایەکیش هەبوونی نییە
ئەوا باوەڕەکەت پەرجوویەکی گەورەتریشە.
ئەوا باوەڕەکەت بەڕاستی شتێکە تا بڵێیت گەورە.

بۆچی بوونەوەرێک لە بنی تاریکاییدا کەوتووە و هاوار بۆ شتێک دەکات کە هەبوونی نییە؟
ئەمە بۆ وەهایە؟
خۆ کەسێک نییە گوێی لەوە بێت کەسێک لە تاریکاییدا هاوار دەکات.
بەڵام ئەی بۆچی هاوار هەیە؟

ڕمەکە هاوێژراوە و هەرگیز ناگەڕێتەوە.
داگیرساو وەک پشکۆ تاریکایی دەبڕێت و دەڕوات
لە کەوانە پیرۆزەکەی خۆیدا.

بە نووکە ئاگرینەکەیەوە،
بۆ هەمیشە هاوێژراوە و
دڵی ئەوانەیش کە هێشتا لە دایک نەبوون چاوەڕوانن
بیانسمێت.

بۆ هەمیشە هاوێژراوە ڕمەکە.

***

دەستی کێیە کە ڕمەکەی هاویشت،
ڕمهاوێژەکە کێیە؟

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

[illegible]ێت کەسێک هاویشتبێتی و
ئەگەر هێزی هاویشتنەکەیشی پێوانە بێت،
دەبێت دەستێکی زۆر بەهێز بووبێت.

کێیە ئەوەی سەرەڕمی گیانی خۆی بەنێو تاریکیدا
هاویشتووە،
کێیە ڕمهاوێژەکە؟

ئەوە منم، ئەوی بەو ڕمە کوناودەر بووە، کە دەپرسێت.

***

ئاوڕ بدەرەوە و هەوڵ بدە بیدۆزیتەوە.
ئاوڕ بدەرەوە، ئەی ئەوەی ڕمەکەی ئەو لە پێشەوە
نەیپێکاویت،
تۆ ئەی ئەوەی لە کاتی هەڵهاتنتدا بەو ڕمە کوناودەر
بوویت،
کاتی هەڵهاتنت لە دەست ئەو.

بۆ باسی ڕمهاوێژێک دەکەیت؟
خۆ تۆ تەنانەت باوەڕت بە ڕمەکەیش نەبوو پێش ئەوەی
بتپێکێت،

PDF 4 KURD



تۆ هەرگیز کەوانە پیرۆزەکەی ئەوت لە تاریکیدا نەبینی.
تۆ باوەڕت بەو شتەیش نەبوو کە لێی هەڵدەهاتیت،
تا نووکەڕمەکە لە پڕێکدا دڵتی وەک درەوشانەوەی
برووسکە پێکا.

ڕمهاوێژەکە کەس ناناسێت.
بەڵام تۆ ئاگری ئەو دەناسیت.
ئەی بۆ ئەوەندەت بەس نییە؟
بۆچی بۆ دوور دەڕوانیت
کە نووکەڕمەکەی لەنێو دڵتدا دەگرێت؟

ماڵەکەتم بۆ بکەرەوە.
هەموو دەرگاکان، گشت دەروازەکان، بکەرەوە،
بۆ من کە وەکو باهۆز دێم.

کە دێمە نێو ماڵەکەتەوە، دەبێت چیتر ژوورێک
بۆ تۆ لەوێدا نەمێنێتەوە،
دەبێت وەک خانەبەدەرێک ڕوو بکەیتە بیابان.
لەوێیش لێت ناگەڕێم، بەدواتەوەم،
دەبێت بە ڕووتی لەژێر ئەستێرەکانیدا بکەویت.

بەڵام ئەوێ کە ماڵی تۆ بووە دەکەم بە ماڵی خۆم،
ئەوێ پڕ دەکەم لە خۆم.

PDF 4 KURD

تەنیا ئەوەی وەک پشکۆ دەگرێت
دەبێت بە خۆڵەمێش.
خۆڵەمێش پیرۆزە.

تۆ دەستت لێ دام و
من بووم بە خۆڵەمێش.
منی خۆم، من خۆم بووم بە خۆڵەمێش، تۆ لەنێوت بردم.

دڵدار وا دەڵێت و باوەڕداریش هەروەها.
تۆ دەستت پێوە دام. من پیرۆزم.
من خۆم نا بەڵام، خۆڵەمێشەکەم پیرۆزە.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

لێگەڕێ با سێبەرەکەم لە سێبەرەکەی تۆدا ون بێت.
لێگەڕێ با خۆم بدۆڕێنم
لەژێر درەختە گەورەکاندا.
ئەوانەی خۆیشیان لقوپۆپی سەریان لە بوولێڵی ئێوارەدا
دەدۆڕێنن،
خۆیان بە ئاسمان و شەو دەسپێرن.

به دەستە نەناسراوەکەت دەستم بگرە و
بەرم مەدە.
بەسەر ئەو پردانەدا ببە کە لەنێو ڕووناکیی بەیاندان
بەسەر ئەو قووڵاییانەوە کە سەر گێژ دەکەن
لەوێ کە تۆ تاریکیت بەند کردووە.

بەڵام پیاو چیتر ناتوانێت تاریکی بەند بکات.
تاوێکی تر ئێوارە باڵ بەسەر پردەکانتدا دەکێشێت و
شەویش.
ڕەنگە ئەوسا منیش زۆر زۆر تاکوتەنیا بم.

PDF 4 KURD

که نیگەرانیی دڵ هەرگیز کۆڵ نادات.
که من هەرگیز بە ئارامی ناگەم.
که هەرگیز من لەگەڵ ژیاندا پێک نایەم،
لەگەڵ مردنیش هەروەها.
که ڕێگاکەم بێبڕانەوە و کۆتاییە،
بە ئامانجێکی نادیارەوە.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

٥

فوو لە پەردە تەنکە بۆرەکەی سەر ڕووبەری بوونم دەکات
و
وەک کانییەکی تاریک
پڕم دەکات لە ژیان.
بە دڵشادییەوە دەبمە ئاوێنەی ئاسمانەکەی ئەو و
هەورە ڕوونەکانی دەوری ناوچەوانی.

لە کانییە تاریکەکەمدا
ناخی خۆی دەنوێنێت کە لە ڕووناکییە.

ڕەنگە ڕۆژێک بووبێت وەک هەر ڕۆژانێکی تر،
بەڵام ئەوسا بوو، دوای نەرمەبارانە هاوینە
کەمخایەنەکە، کە هێشتا بۆ ئێوارە و شەو
زۆری مابوو، نێو گژوگیایەکە بەو جۆرە دەدرەوشایەوە.
ڕۆژێکی ئاسایی،
بەڵام ئەوسا بوو کە دەبوو تۆ سوپاسی خۆر و
خاک و هەورەکانت بکردایە.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

## بەیانی

بەیانیی لێو پەڕەی گوڵ، ئەی بوونەوەرە خۆشەویستەکە،
گۆرانیم بۆ بڵێ.
گۆرانییەکم بۆ بڵێ، وەک شەونم ڕوون و شەوەکی،
وەک شووشەیەک تازەدارێژراو بێت،
گۆرانییەک کە هەموو شتێک بگۆڕێت.

بەیانیستان بە ئاسمانە هەنگوینییەکەیەوە
ڕاکشاوە و چاوەڕێ دەکات بە چاوی نووقاوەوە،
بە چاوی نووقاوی گشت گوڵانەوە.
جوان وەک ژنێک، وەک هەزاران ژن،
ڕاکشاوە و چاوە گوڵگرتووەکانی خۆی نووقاندووە،
ڕاکشاوە و لە ژێر ئاسمانی هەنگوینڕەنگی خۆیدا
چاوەڕوانی
پادشاکەی خۆی دەکات،
ڕۆژێکی بێبەزەیی.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

ئێستا بەیانیی هاوینە و
جەژن و شایی زەمین،
ئێستا بەلازیزان
لەنێو دارستانچەی پیرۆزدا
کە پڕ لە دارەڕەشە و تیرۆ و سوورەبییە
لە ئارامیی خۆیان
دەزرنگێنەوە.
ئێستایە شادی و جەژنی زەمین.

ئێستا ئاسمان
بەئەسپایی خۆی بەرەو
زەوی نزم دەکاتەوە و
گوێ بۆ ئەو زەنگانە
دەگرێت کە لەنێو
شینایی خاکدا
دەیانبینێت.
هەموو شتێکیش،
کە زایەڵە ناسکەکە
پێیان دەگات،
بە نزاوە ڕاوەستاون.

PDF 4 KURD

دوور، زۆر دوور،
ئەستێرە ساردەکان لەوێن
دوور، زۆر دوور،
بۆشایی ئاسمان بێسنوورە،
بەڵام شینایی هاوین
گشت خەمێکی
داپۆشیوە.
هەموو شتێک
لەم چرکەیەی کاتی هاویندا
تەنیا ئارامیی زەمینییە.

دەمەوێت سوپاسی گوڵ و هەوران،
درەخت و ئاسمانی هاوین،
ڕووناکایی فێنکی بەیان و
بای ئێوارە کە بەسەر خەڵەنگاندا دەشنێت، بکەم
وەک کەسێک کە دەرگای ماڵێکی میواندۆست بکاتەوە
لەوێدا هەموو شتێک هەبووە و هەموو شتێکیش خراوەتە
بەر دەستی،
ئاوها دەمەوێت سوپاسی ئەو ماڵە بکەم کە میوانی بووم،
ماڵی گشت مرۆڤان.
ئەو کاتەیش کە دەستم لەسەر قەراغی دەرگای پەرژینەکە
داناوە،
دەمەوێت ئاوڕ بدەمەوە، وەک ئەوەی بمەوێت
ئەوە بە بیرمدا بهێنمەوە کە جێی دەهێڵم.
پاشان دەمەوێت بەرەوپێش بڕوانم،
بەڵام بێماڵ.

PDF 4 KURD

## بەیانیی خوڵقاندن

١

باڵت هەڵبڕە بێچووەمەل
لەسەر دەستم بەرز ببەوە و
بۆ نێو خۆر بفڕە، کە پەیمانت دەدەمێ منیش بۆی دێم.
بەسەر خاکە نووستووەکەدا بفڕە
کە پڕ لە گوڵ چاو هەڵدێنێت
بەڵام هێشتا ئاگای لە هیچ نییە.
بەنێو زەردەپەڕدا بفڕە
بەسەر هەرچییەکدا
کە دەبێت بژی.

PDF 4 KURD

٢

من ئەو بێچووەمەلەم لە هیچ هێلانەیەکدا لە دایک نەبووە.
من لە دەستێکدا لە دایک بووم، دەستێکی سەیری نامۆ و
ناتوانم هێلانەکەم لە بیر بکەم.

ئێستا مەل زۆرن، بەڵام دیسانیش من تەنیام.
من دەفڕم و لە پۆلی ئەوانی تر دوور دەکەومەوە.
من ناتوانم ئەو دەستە لە بیر بکەم کە تێیدا لە دایک بووم،
ناتوانم بۆنە سەیر و نامۆکەی نێو دەستی،
ئەوەی ڕێی دام لە دایک ببم،
لە بیر بکەم.

PDF 4 KURD

٣

به ئازارەوە ئێمەی گوڵ لە خاکەوە بەرەو ژیانی خۆمان لە خەو ڕادەبین.
بە ئازارەوە خاکە تاریکەکە بە جێ دەهێڵین،
کە لەوێدا هەموو شتێک ئاسوودەیە.
ئاسوودەییەکی هێندە زۆرە کە نەژییت.
بە ئازارەوە خۆمان بۆ خۆری ژیانبەخش دەکەینەوە
ئەو بوونەوەرانەیش کە بە هیچ جۆرێک نایانناسین بە دەوروبەرماندا دێن و دەچن و باسی جوانیی ئێمە دەکەن.
بەڵام ئێمە لە هیچ ناگەین. ئێمە وەکو خاک، ئەو خاکەی لێوەی هاتووین، کوێرین.
ئەو توانستی ئەوەی نەداینێ کە بۆ خۆمان جوانیی خۆمان ببینین.

جوان؟ ئێمە لەنێو ناخی خۆماندا جوان نیین.
ڕەنگە جوان بین کاتێک کە خۆر تیشکەکانی بەسەرماندا دەپرژێنێت.
بەڵام نێوەوەی ئێمە هەمیشە تاریکییە.

PDF 4 KURD

٤

من هەورێکی بچکۆلەم، هەورێک لە ئاسمانی زەویدا.
لەم بەیانییە دڵگیرەدا دروست بووم و هێندەیش نابات لە
ناو دەچم.
زۆر بەختیارم کە تەنیا هەر ئەم بەیانییە دەژیم،
بەختیارم بەوەی کە لەگەڵ ئەودا لە دایک دەبم و
لەگەڵ ئەویشدا دەمرم،
بەوەیش بەختیارم کە خۆرە پرشنگدارەکەیە
وام لێ دەکات بمرم.

PDF 4 KURD

٥

من ئاسمانم. هەموو شتێک دەخەمە نێو پاڵتۆ شینەکەمەوە،
ئەوەی خۆشەویستەکەم پێی بەخشیوم.
هەروەها خشڵێکی زۆر جوانیشی پێ بەخشیم،
تەوارێک لە ئەستێرە کە دەوری سەری داوم.
دەبێت زۆر خۆشی بوێم.
منیش ئەوم خۆش دەوێت.
بەڵام قەت نەمبینیوە.
دەڵێن ناتوانرێت ببینرێت.
چ پێویستیش دەکات ببینرێت؟
چ پێویست دەکات خۆشەویستەکەی خۆت ببینیت.
کاتێک شەوان خشڵەکەی لە دەوری سەرم دەدرەوشێتەوە،
ئەو لای منە.

PDF 4 KURD

٦

من ئەستێرە تاریکەکەم، زەویم.
خۆم ناژیم، بەڵام لە مندا هەموو شتێک چەکەرە دەکات،
من ئەو مردنەم کە ژیان دەبەخشم.
ئەو تاریکییەم ڕووناکی دەخواتەوە،
ئەوەم هەمیشە لە ڕووناکی دەخواتەوە و تینوێتیشی
ناشکێت،
ئەوەی سەرەتا بە گشت ژیانێک دەبەخشێت.
من ئەستێرە تاریکەکەم.
هەموو مردووەکان لای من ئارامیان گرتووە.

PDF 4 KURD

٧

گیانی خۆی فوو کردە نێومەوە.
بۆیە هەموو شتێک بۆ من هێندە سەختە.
ئەستێرەکان بەسەر ئاسمانەکەی مندا دەگەڕێن و
ئارامییان لێ بڕیووم.

تەمومژی تاریکی خوڵقانیش بەنێو ڕۆحمدا تل دەدەن.
ڕۆژم پڕە لە ڕووناکی، شەوم بێسنوور.
من مرۆڤم. کە ئەو ڕۆحی خۆی فوو کردە نێو منەوە،
تۆقێنەرترین شت لە من قەوما.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

٨

من ئەو ئەستێرەیەم کە خۆی لە تۆدا دەنوێنێت.
ڕۆحت دەبێت هێمن و ئارام بێت، ئەگەرنا
ناتوانم خۆمی تێدا بنوێنم.
ڕۆحت ماڵی منە. ماڵێکی دیکەم نییە من.

بەڵام تۆ چۆن دەتوانیت ئارام بیت، کاتێک ڕووناکیی من
لەنێو ڕۆحی تۆدا دەلەرزێت.

## ٩

من ئەو دەستەم بێچووە مەلەکە بە جێی هێشت،
دەستی خوڵقێنەرەکە.
ئەو هەرگیز جارێکی ناگەڕێتەوە بۆ لای من،
ناگەڕێتەوە هێلانەکەی.
هیچ شتێک بۆ لای من ناگەڕێتەوە.

کوان نەرمەهەوران، با و گوڵان کوان،
کوا ئەو بێچووە مەلەی هێندە نەرم و گەرم لای من ڕاکشابوو؟
کوا بەرهەمەکەم کە پڕی کردبووم لە گەرمی و بەختیاری؟
بەیانییەک، بەیانییەکی زۆر لەمەوپێش.

من ئەو هێلانەیەم تاسەی بێچووە مەلەکەی دەکات.
من دەستی بەتاڵی خوڵقێنەرەکەم.

PDF 4 KURD

PDF 4 KURD

لە ئێوارە ڕووبارە ئارامەکەدا
ئەو جێیەم بینی کە جارێک لە جاران، دەمەدەمی
ماڵئاواییکردن،
بەر لەوەی بە ڕێ بکەوێت،
دەموچاوی خۆی تێدا نواند.
با ئەمەی پێشان دام،
ئەو بایە خەمبارەی بە فەرمانی ئەو وێنەکەی ئەوی لەسەر
ڕووی
ئاوەکە سڕییەوە و
تا ئێستایش خەمباری ئەوەیە ناچار بوو ئەوە بکات.

بە دڵتەنگییەوە با ئەمەی لەبارەی ئەوەوە بۆ من گێڕایەوە،
لەبارەی ڕوخساری ئەوەوە، کە دەستی تێوە دابوو،
لە بارەی وێنەکەیشیەوە لەنێو ئێوارە ڕووباردا
بەر لەوەی خۆر ئاوا بێت و وەک ئێستا
تاریکی بێت.

بە کەڵەکێکی لە گژوگیا چێکراو بەسەر ڕووبارەکەدا
پەڕییەوە.

ئەی من بۆچی هێشتایش لەسەر ئەو ڕۆخە دانیشتووم
کە ئەو زۆر دەمێکە بە جێی هێشتووە؟

PDF 4 KURD

www.fb.com/PDFkurd

# پاشەکی

# گەڕانی لاگەرکڤیست لە دواتاریکیدا

بو گوستاڤسۆن

پییێر لاگەرکڤیست، لە شیعرەکانیدا، ڕاستەوخۆ، لەڕێی پرسە دەروونی و ئەو پرسانەوە کە لەگەڵ بووندا خەریکن، لەگەڵ خەڵکی ئەمڕۆدا، دەدوێت. سەرباری ئەمەیش، ئەم لایەنەی شیعرنووسینی ئەو، هێشتا، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێن، نەناسراوە. هەر لەبەر ئەمە ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر کاتی ئەوەیە دیسان لاگەرکڤیستی شاعیر بخوێنینەوە، لەڕێی ڕۆشنایی خستنە سەر دوایین و گرنگترین کتێبی ئەو کە «ئێوارستان»ە و ساڵی ١٩٥٣ بڵاو کراوەتەوە.

بۆ دەوربەری پییێر لاگەرکڤیست هێندە بێدەنگە؟ ئایا ئەو نووسەرێکی لەبیرکراوە؟ لەوانەیە تەنانەت وەرگرێکی خەڵاتی نوبێلیش تووشی ئەو چارەنووسە ببێت، کە چەند

...یەک دوای مردنی لە بیر بکرێت. بەڵام ڕاستییەکەی، بە ...بیرنەکردنی ئەوەی کە ئێستا، لە چەرخی بیستویەکەمیندا، پرس و کێشە دینی و هەبوونەکییەکان ئەرزشیان پەیدا کردووەتەوە و هاتوونەتەوە ئاراوە، نووسینەکانی ئەو پڕاوپڕ لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دێنەوە. ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی لاگەرکڤیست بکات هەر زوو ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەو ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەپەیڤێت، بە تایبەت لە دوا کۆمەڵەشیعریدا؛ ئێوارستان، کە ساڵی ١٩٥٣ بڵاو کراوەتەوە. ئەو لێرەدا، لە نیگەرانی و نادڵنیایی خۆیدا و لە ژیانێکی تاریک و بوونێکدا کە لێی تێناگەین، وەک هاوچەرخێکی ئێمە خۆی پیشان دەدات.

ئێوارستان، هێشتا، دوای تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ، ڕووبەڕووی خوێندنەوەیەکی کاریگەر و بەهێزمان دەکاتەوە. ئەو کتێبە، کە بڵاوکرایەوە، پێشوازییەکی زۆری لێ کرا و تا ئێستایش وەک لوتکەی کارە شیعرییەکانی ئەو چاوی لێ دەکرێت. شاعیر، لەم شیعرانەیدا بەنێو «دواتاریکیدا» دەگەڕێت. کەواتە: گەڕان بە دوای ئەم دواتاریکییەدا چی دەگەیەنێت؟

لە ئێوارستاندا، هەم لە پێگەی کەسەکی و هەم لە پێگەی کولتووریشەوە، درەنگە؛ زۆر درەنگ، لەسەر زەوی. لێرەدا، ئەم شاعیرە پیرە، دەنگ بە بارە جیاوازەکانی

یانی نێو خاکی ڕوو لە ئاوابوونی شارستانیی خۆرئاوا دەبەخشێت. هیچ شتێک، ئیتر، شایانی باوەڕپێکردن نییە: ئایدیۆلۆژیاکان و دینەکان درزیان تێ بووە و داتەپیون. گەڕان بە نێو دوا تاریکییەکەدا بە تەواوی گەڕانێکە پڕ لە مەترسی و نیگەرانی، لە بۆشاییەکی هەبوونەکی-میتافیزیاییدا. مرۆڤ هەمیشە، بەبێ ئەوەی بە هیچ وەڵامێکی کۆتایی گەیشتبێت، لە ئامانج و مانای بوونی خۆی پرسیاری کردووە. لەوەیە هاوارکردن بە دوای مانادا، لە دنیایەکی تاریک و نادڵنیادا، هێندە سەیر نەبێت، بەڵام ئەی «بۆ هاوار هەیە؟» بە شێوەیەکی گشتی، پێویستیی گەڕان بە دوای مانادا پرسە ڕقهەڵسێنەکەی لاگەرکڤیستە لە ئێوارستاندا.

لاگەرکڤیست لە وتەیەکیدا بۆ ئەکادیمیای سویدی، ساڵی ١٩٤٦، بە بۆنەی یادەوەریی ١٠٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر مردنی «ئێسایاس تێگنێر»[1]دا، باس لە کێشەی «مانای ئەفراندن» دەکات و لەوێدا دەڵێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵە و «پێویستیی هەن کە وا دێنە پێش چاو یەکجار ناپێویست بن.» و «پشێوییەکی ئەبەدی» پاڵی پێوە دەنێت و خۆی بەو «ڕاز و نهێنییانەوە خەریک کردووە کە هیچ کەس داوای

١ ئێسایاس تێگنێر: ١٧٨٢/١١/١٣ تا ١٨٤٦/١١/٢، شاعیر و کەسایەتییەکی کولتووری سویدییە. پرۆفیسۆری زمانی گریکی بوو لە زانکۆی لوند و لەنێوان ساڵانی ١٨١٩ تا ١٨٢٤ ئەندامی ئەکادیمیایی سویدی بووە.

...ێنانیانی لێ نەکردووە و تەنانەت داوای ئەوەشی لێ ...کردووە پێیانەوە خەریک بێت.›› ئەو، لێرەدا، گرنگترین پرسی نووسینی خۆی دادەڕێژێت، پرسێک کە بە شێوەیەکی تایبەت لە ئێوارستاندا ڕووناکایی دەکەوێتە سەر و دەردەبڕدرێت. ئەرێ بە ڕاست مرۆڤ، سەبارەت بە بوونی خۆی، بۆ پێویستی بەوە هەیە بە دوای وەڵامە هەبوونەکی-میتافیزیاییەکاندا بگەڕێت؟ مرۆڤ بۆ، تاکە بوونەوەرێکی گەردوونە کە بیر لە ‹‹هەبوون››ێکی تر دەکاتەوە، هەبوونێک کە کەموکووڕی و پشێوییەکی بەردەوامە و تێیدا دەژیێت؟

لاگەرکڤیست، لە ئێوارستاندا، دوور لە ساختومانی هێمائامێزی کولتوور، دەگەڕێت و دەچێتە نێو هەستناکیی نادڵنیای دواتاریکییەوە. یۆران میۆبێری[٢] ناهەقی نییە کە ئەم کتێبە بە ‹‹کۆشیعری پرسیارە زۆر و زەوەندەکان›› ناو دەبات. شیعرەکان باس لە گەڕانێک دەکەن بەنێو وێرانەخاکێکدا کە بەردەوام لە داتەپین و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەدایە. لەوەیە کەسی شیعری لە ژیاندا نەمابێت، لەوانەیە، شیعرەکان، باس لە شەوی تاریک و نووتەکی کەسێک بکەن، بەڵام بەبێ ئەوەی پەنا بردرابێتە بەر بەکارهێنانی هیچ کەرەستەیەکی سۆفیگەری.

---

٢ یۆران میۆبێری: لە ١٩١٣/٧/١٥ لە برێئارێد لە دایک بووە و لە ٢٠٠٦/٩/١٩ لە لوند مردووە. مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەری ئەدەب بووە.

ـادیمەنی بابەتی پڕ لە ڕاز و نهێنیی گەڕان بە ‹‹چیم بە سەر هات ئەو ئێوارەیە›› دەست پێ دەکات و پاشان هاودیمەنێکی تری بە دوادا دێت ‹‹بە چاوی پیرەوە لە دوای خۆم دەڕوانم››، ئەمەیش درێژترین و ڕەنگە ناوەندیترین شیعری شیعرنووسین بێت لای لاگەرگڤیست.

‹‹چیم بە سەر هات ئەو ئێوارەیە›› باس لە ڕووداوێکی بێبایەخی ڕوون و ئاشکرا دەکات کە نووسەر، وەک منداڵێک، ئێوارەیەکی پاییز کۆتەرەدار بۆ دایکی دەهێنێت. بەڵام ئەمە ڕووداوێکە و پاشان سەرلەبەری ژیانی ئەو بۆ هەمیشە دەگۆڕێت. ئەو، بە ڕێکەوت، لە کاتێکدا کۆتەرەدارەکانی لە باوەشدایە، سەر بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێت و بۆ یەکەمین جار ئەستێرەکان دەبینێت. لە پڕێکدا هەست بە سەرەگێژەیەکی بێسنوور دەکات بەرانبەر بەوەی کە خۆی لە ژێر ‹‹چۆڵەوانییەکی بێسنوور››دا دەبینێتەوە. ئەمە نموونەی سەرەکیی نووسینی لاگەرکڤیستە کاتێک کە هۆشیار دەبێت بە گەورەیی بوون و بچووکیی خۆی. هۆشیاریی هەبوونەکی-میتافیزیایی ڕێک لەو کاتەدا و پێیر لاگەرکفیستی نووسەریش لە دایک دەبن. ئەمجا کە منداڵەکە دێتەوە ماڵ بۆ لای دایکی و کۆتەرەدارەکان لە بەردەمی ئاگردانەکەدا دادەنێت، تا دواتر بچێت و لەولاوە لەسەر پێتەتەیەک دابنیشێت، ڕێک لەو کاتەدا هەڵبژێردراو و دوورەپەرێز دەکەوێت. توانای نووسینیش لەوێ، لەسەر

PDF 4 KURD

ر پێتەتەیە، «زۆر دوور/لەوانی ترەوە» لە کاتێکدا کە منداڵەکە یەکسەر هەست دەکات گەورەیە و بەر نهێنیی بوون کەوتووە، دەست پێ دەکات. لە «بە چاوی پیرەوە لە دوای خۆم دەڕوانم»دا ئەوە شاعیرە پیرەکەیە کە بیر لە بەسەرچوونی کات و ڕازی یادەکان دەکاتەوە. ئەمە شیعرێکە سەبارەت بە پرسە گەورەکانی ژیان و لەوانەیە لاگەرکڤیست لێرەدا ئەو پرسانەش بهۆنێتەوە کە وەک منداڵێک هەستی پێ کردوون، بەڵام نەیتوانیوە، لە کاتێکدا لەسەر پێتەتەکە دانیشتووە و لەبەر خۆیەوە بیری کردووەتەوە، دەریانببڕێت. هیچ شیعرێکی تر لە ئەدەبی سویدیدا ناتوانێت بەو شێوەیەی «بە چاوی پیرەوە لە دوای خۆم دەڕوانم» بەرەو ناخی هەبوونەکی، بەنێو قووڵایی یادەکاندا، ڕۆ بچێت.

ئەم شیعرە لەسەر یادەوەرییەکانی ئەو لە ماڵی دایکوباوکی دایکی ئەو لە گێتاشارف[3] لە سمۆلاند[4] هەڵچنراوە. ژینگەی شیعرەکە لە «میوانی واقیع»ـەوە[5] دەناسرێتەوە، بە هەمان شێوەیش لە خواترسی و بە خودا باوەڕکردنی دایکوباوکی دایکی ئەو. بەڵام لاگەرکڤیست چیتر پێویستی بەوە نییە کە لە باوەڕ بە

٣ گێتاشارف: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە هەرێمی سمۆلاندەوە لە باشووری سوید.

٤ سمۆلاند: هەرێمێکە دەکەوێتە باشووری سویدەوە.

٥ میوانی واقیع: یەکەم ڕۆمانی پێیر لاگەرکڤیستە.

PDF 4 KURD

خودا کردنی ساویلکانەی ئەوان یاخی ببێت، بەڵکە لێ دەگەڕێت ئەوەیش ببێت بە بەشێک لە گۆرانیی پڕ لە کێش و ئاهەنگی یادەوەرییەکانی. ڕاستییەکەی «بە چاوی پیرەوە لە دوای خۆم دەڕوانم» باسی ئەو داوایەیە کە لە شاعیر دەکرێت - کە وەک غەریبێک لە دایک دەبێت و لە سۆنگەی ئەوەوە کە هەمیشە بە دوای مانادا دەگەڕێت وەک غەریبێکیش دەمێنێتەوە.

شیعرەکە، لە ڕابوردووەوە، چەند کلکەیەکی یادەوەری دەهێنێت کە وا پێدەچێت، لە دەرەوەی هۆشیاری و زمانەوە، نێوەڕۆکێکی شاراوەی ڕەمزییان هەبێت و ئەم هەوڵ دەدات لەڕێی مۆسیقای شیعریی پرسیارەکانەوە ماناکانیان لەو ڕەمزانە دابڕێت. لاگەرکڤیست، لە بارەی منداڵیی بەسەرچووی خۆیەوە و لە بارەی دایک و باوکی دایکیەوە کە دەمێکە مردوون، دەنووسێت؛ وەک ئەوەی کە هێشتا لە ژیاندا مابن و لە ئێستادا، یا ڕەنگە زیاتر لە گەردوونی ئەفرێنراوی دەقەکەیدا، هەناسە بدەن. ئەمە وەک ئەوە وایە ئەو لە کردەی نووسینەکە خۆیدا ئەوە بە دەست بهێنێت کە ژیان بە کرۆکی ژیانێکی بەسەرچوو بەخشێتەوە و ڕاز و نهێنیی ژیانمان، بە ڕووتی، پێشان بدات.

PDF 4 KURD

تەمومژی سەر ئاوێکی ڕەشهەڵگەڕاو،
ڕووناکایی چرای گەوری ماڵ، ڕووناکایی ئەستێرەیەک؟
دەست لەسەر چاوە پیرەکانم،
کە جارێک لە جاران چاوی منداڵێک بوون -
... خانووی مردووەکان
لە ئێوارەی درەنگەپاییزێکدا.

کەواتە دیمەنی سروشتی هێمائامێزی دواتاریکی لە ئێوارستاندا چۆن دەردەکەوێت؟ دیمەنی سروشتی بیابانێکە، دوور لەم دنیایەوە و لەوێدا گەڕۆکەکە لە هەموو خەم و خەفەتی ژیان و گشت ترسێک ڕزگاری بووە و گەڕان بەنێو بیاباندا بەرەو گەرانێک بە دوای «ئەو خودایەی کە نییە» هەڵدەکشێت و گەشە دەکات. لەوەیە بتوانین بڵێین لاگەرکڤیست ڕوانگەی ئاڵۆزی خۆی بەرانبەر خودا لە دیمەنی «ڕمهاوێژەکە»دا، «ئەوەی سەرەڕمی گیانی خۆی بەنێو تاریکیدا هاویشتووە.» پوخت دەکاتەوە. ڕمهاوێژەکە نەناسراوە و تەنیا شتێک کە شاعیر سەبارەت بەو دەیزانێت ئازاری سەری ڕمەکەیە لەنێو دڵیدا. ئەمەیش ئەو ناکۆکییەیە کە لە ڕوانگەی لاگەرکڤیستانەدا بەرانبەر بە خودا هەیە: ئەو خوایە ئاسان نییە لێی تێبگەیت و لە دەرەوەری سنوورەکانی هۆشیاری و هەستەکانی مرۆڤدایە و تەنیا وەک بوونێک کە تاسە و

...ووییەکی میتافیزیاییانەی دەکرێت لەنێو دڵی مرۆڤدا ...یە، کە لەم دێڕانەدا، زۆر کاریگەر، دەربڕدراون:

چی هەیە وەک تاسە قووڵ بێت.
چی هەیە وەک بۆشایی دڵ پڕ بکات.
چی هەیە ڕۆح پڕ بکات وەک تاسەی شتێک کە نییە،
کە دەزانێت نییە.

ڕەنگە لاگەرکڤیست بەهرەی ئەم وێنە سەرەتاییەی لەو خودا نەناسراوە کە وەک ڕمهاوێژێک/ڕاوکەرێک پێشان دەدرێت لە شیعرێکی شاعیری ئینگلیز؛ (فرانسیس تۆمپسۆن)ـەوە، کە لە چەرخی حەڤدەیەمیندا ژیاوە، وەرگرتبێت، بە ناوی (تانجی دۆزەخ)ـەوە کە لەوێدا ڕۆحی مرۆڤ وەک گیانەوەرێکی دڕندە کە دەیەوێت لە دەست خوا/تانجی هەڵبێت، پێشان دەدرێت.

لە دوابەشی ئێوارستاندا خۆپاککردنەوەیەکی سەیر لە ڕێگەی هونەرەوە لەنێو کتێبەکەدا ڕوو دەدات، ئەویش ئاوازەکەی لە گەڕانێکی پڕ لە نیگەرانییەوە دەگۆڕدرێت و دەبێت بە سوپاسگوزاری و پێداهەڵدان.

تاریکیی ئێوارستان لەبەر ڕووناکایی بەیانییەکی هاویندا دەڕەوێتەوە و ئەم گۆڕانە کتوپڕەی هەستی ژیان دەتوانرێت بە (ئیشراق)ی سۆفیگەری بچوێنرێت، کە ئەو قۆناغەیە سۆفی لە دنیای داخراوی کەسەکیی خۆیەوە، یا

لە شەوی تاریک و نووتەکی ڕۆحەوە دێتە دەرەوە و واقیع وەک ئەوە دەبینێت کە هەیە. ژیان «ماڵێکی بێمیوان» بووە و شاعیر لەبەر ئەوە هەست بە سوپاسگوزاریی خۆی دەکات کە بۆی هەبووە، بۆ ماوەیەک، لە دنیادا بژی. هەر لەم دەقانەیشدایە کە لاگەرکڤیستی شاعیری سروشت و ڕووناکبین پانتاییەکی سەربەخۆ بۆ نووسین بە دەست دەهێنێت.

دوابەشی شیعرەکە «بەیانیی خوڵقاندن» ڕێ دەدات سەرلەبەری خوڵقاندن شاهێدی لەسەر لەئارادانەبوونی «خوڵقێنەر»ێک، یا «دێوس ئابسکۆندیتوس»ێک[6]، بدات، لە ڕێگەی ئەوەوە کە دەنگ بە گیانەوەر، ڕووەک، ئاسمان و زەوی ببەخشرێت. کەواتە مرۆڤ لە تاسە و ئارەزووی هەبوونەکی/میتافیزیاییانەی خۆیدا بە تەنیا نییە و ئەو تاسە و ئارەزووەی لەگەڵ بوونەوەرەکانی تردا بەش دەکات و ئەمەیش ئاسوودەییەکی پڕ لە ناکۆکی بە شاعیر دەبەخشێت لە کاتێکدا کە لەسەر گەڕانە بێکۆتاییەکەی خۆی، دوور لە ئێوارستان، بەردەوامە. هەر لەبەر ئەمەیشە گەڕۆک لە ئێوارستاندا، لە ڕاستیدا، بە ئامانجی خۆی گەیشتووە لەو گەڕانەیدا بە دوای مانادا کە بەوە دەستی پێ کرد وەک منداڵێک، بۆ یەکەمین جار، سەری بەرەو ئەستێرەکان هەڵبڕی.

---

٦ دێوس ئابسکۆندیتوس: خوای پڕ لە ڕاز و نهێنی و شاراوە.

PDF 4 KURD

# پییێر لاگەرکڤیست
# خوانەناسێکی بەئیمان

ئینگرید نێتتەرڤیک

وەک هەر شارێکی تر لە شارە بچکۆلەکانی سمۆلاندی سوید چێشتخانەیەکی ڕێگای ئاسنین لە پاڵ وێستگەی ئەو شارەیشەوە هەبوو. ئەو چێشتخانەیە هێند لە ڕێگا ئاسنینەکانەوە نزیک بوو کە دووکەڵی ئەو قیتارانەی بەوێدا تێپەڕ دەبوون، بەر ڕووکاری وێستگەکە دەکەوتن و ڕەشیان دەکرد، دەنا خانووەکە دەبوو سپی بووایە، لەوە دەچوو بە نیازی ئەوە دروست کرابێت، ببێت بە کۆشکی خەونەکان، کتومت پەریستانێکی بچکۆلە؛ پڕ بوو لە گومبەت و بورج، باڵکۆنی بچکۆلە؛ نەتدەتوانی بچیتە ناویانەوە، لە هەموو لایەکەوە ڕازێنرابووەوە و ئارایشت کرابوو، تاق هەبوون و گۆزەی پڕ لە گوڵیان تێدا دادەنران،

ـسـەربانەکەی پڕ بـوو لـەو دارئالآیانـەی ئالآیـان پێـوە نەبوو. بەڵام تەنیا بووبوو بە خانوویەکی گەورە کە لەوە دەچوو چۆڵ کرابێت و دووکەڵ سـەرلەبەری ڕەش کردبوو. هاوکاتیش چۆڵەوانی نەبوو و هەر چۆنێک بێت لە ئاهەنگ بە دوور نەبوو، گەشتیاران دەچوونە ئەوێ و بیرەیان دەخواردەوە، لەنێوان گەیشتن و بەجێهێشتنی قیتارەکاندا دەهاتن و ئێوارانیش مۆسیقا لە باخچەکەی پشـتەوەدا لـێ دەدەرا.

پییێـر لاگەرکڤیسـت بـەو شـێوەیە ڕۆمانـی (میوانـی واقیـع)، سـاڵی ١٩٢٥، کـە ڕۆمانێکـە لەبـارەی ژیانـی خۆیـەوە، دەسـت پێ دەکات. شـاری بچکۆلـەی ڤێکشـوێ. ئا لـەو ماڵـەدا کـە پێشـووتر باسـی کـرا ڕۆژێکی مانگی ٥ی سـاڵی ١٨٩١ ئـەم نووسـەرە؛ بچووکتریـن کەسـی نێو برا و خوشـکەکانی خۆی، لـە دایـک دەبێـت. ئەمڕۆ، ئـەو ماڵـە، بـە ماڵـی کەونـارای قەشـەکە نـاو دەبرێـت. ئێسـتا، لـە دەرەوە، کـە سـەیری دەکەیـت، تـا ڕادەیـەک، لـەو ماڵـە دەچێـت کـە دایکوباوکـی پییێـر لاگەرکڤیسـت، سـاڵی ١٨٧٦، گوێزایانـەوە نـاوی. ئەنـدەش لاگەرکڤیسـتی باوکی پییێر لاگەرکڤیسـت، لـە بـەرەوە، بـوو بـە کەسـێک کـە بـە کاروبـاری ڕێـگای ئاسـنینەوە خەریـک بـوو، ئـەو خانـووەی کـە کاروبارەکانـی خـۆی تێیـدا بـە ڕێـوە دەبرد، کەوتبـووە نهۆمـی سـەرەوەی خانـووی پاییـن. باڵکـۆن

PDF 4 KURD

و بورجەکانی ئەو خانووە، ئەو کاتە دروست کران کە خانووەکە، لە ساڵی ١٨٨٠دا، دەستی پێدا هێنرا و بوو بە چێشتخانەیەکی سەر ڕێگای ئاسنین. ساڵی ١٩٤٠یش، ئەو کاتەی کە خانووەکەیان گەڕاندەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی، ئەوەی تێیدا دەستکاری کرابوو، لابرا. هەر ئەوسایش خانووەکە بەو بارەدا کەوتەوە کە منداڵەکان، وەک ئەندەشی ناو ڕۆمانەکە، دەیانتوانی لە پەنجەرەکانەوە باوکیان ببینن چۆن بە کاروبارەکانی خۆیەوە خەریکە.

(سڤێن لینییێر)ی لێکۆڵەرەوەی ئەدەب، لە یەکێک لە نامە درێژەکانی خۆیدا کە ساڵی ١٩٤٧ نووسراوە، جەخت لەسەر ئەو گرنگییە گەورەیە دەکات کە ژینگەی منداڵی لەسەر پییێر لاگەرکڤیست و پاشان لەسەر پێگەیشتنی ئەو وەک نووسەرێک هەیبووە. (ئینگریند شیۆییێر)یش کە توێژەرەوەی لاگەرکڤیستە لە پێشەکیی ژیننامە گەورەکەی خۆیدا لەسەر لاگەرکڤیست دەنووسێت کە نیشانی «یادەوەرییە بەرگگۆڕاوەکان»، لە پێوەندی لەگەڵ زۆربەی نووسینەکانی ئەودا، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. لە میوانی واقیعدا پەیوەندییە دەرەکییەکان، لە شتە هەرە گرنگەکاندا، لەگەڵ ئەوەدا یەک دەگرنەوە کە ژیان لە ڤێکشوێ و دەوروبەریدا، لە کۆتاییەکانی چەرخی نۆزدەیەمدا، چۆن بووە.

کەچی سەرباری ئەوەیش ناتوانرێت نیشانی لێکچوویی لەنێوان ئەو وێناکردنەی میوانی واقیع و واقیع خۆیدا دابنرێت. هەر ڕۆمانێکیش کە لە بارەی ژیانی کەسەکیی نووسەرەکەیەوە بێت، ڕۆمانێکە کە هەم شەقڵی لێزیادکردن و هەم لێکەمکردنەوەی نووسەری پێوە دیارە. بە جیاواز لە ئەندەشی کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکە، لاگەرکڤیست هەموو تافی هەڵدان و گەورەبوونی خۆی لەو خانووەدا، کە پێشتر باسی لێ کرا، بە سەر نەبرد.ماڵی ئەوان، ساڵی ١٩٠٣، گواستیەوە بۆ یارنڤێکسگاتانی ٨. کەواتە لەم ڕووەوە، نووسەر، لە پێناوی ئەو لێکچوویيە ئەدەبییەی کە لە نووسەرێک داوا دەکرێت ئەوەی هەڵبژاردووە کە لە واقیع لا بدات.

ئەگەرچی چەندین لادانی تریش لە واقیع لە ڕۆمانەکەدا هەن، بەڵام سەرلەبەری ئەو دیمەنەی دەیگێڕێتەوە دیمەنێکی زۆر بڕواپێکراوە کە پێیر لاگەرکڤیست لەو ڕۆمانەدا سەبارەت بەو ماڵەی کە منداڵیی تێدا بەسەر بردووە لە ڤێکشۆ و هەروەها ماڵی داپیرە و باپیرەی لە نزیکی (گیملا)وە دەیگێڕێتەوە. ئەمەیش هەم لە ڕووە دەرەکییەکان و هەم لە کەشوهەوای ناوەوەدا، کە جێی دینپەروەریی «کتێبی سەردەمی کەونارا»ی بە ڕوونی پێوە

PDF 4 KURD

دیاره، دەردەکەوێت. بزووتنەوەی ئازادی کڵێساکان هیچ سەرکەوتنێکی لەو دەوروبەرانەدا بە دەست نەهێنابوو. خەڵک سەرسەختانە دەستیان بە بڕوای کۆنینەی ئایینیی خۆیانەوە گرتبوو و چوست و چالاک ئینجیل و کتێبی سەردەمی کۆنیان دەخوێندەوە، ڕێک وەک ئەوەی کە پییێر لاگەرکڤیست لە ڕۆمانەکەدا دەیگێڕێتەوە، بە تایبەت خوێندنەوەی شێلگیرانەی مەزامیرەکان لە لایەن باپیرە؛ باوکی دایکییەوە، کە کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر هەموو ئەندامانی خێزان لە دوای خۆی بە جێ دەهێڵێت.

## ترس لە مردن

میوانی واقیع باس لە هەڵوێستی ئەو کەسە دەکات کە لە دۆزینەوەی وەڵامی پرسیاران دەگەڕێت و ئەمە بە درێژایی ژیانی نووسەریش شوێنی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بە جێ هێشت. یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانیش بەردەنوێژی نێو دارستانەکەیە، کە ئەندەش کاتی باوبۆران ڕووی تێ دەکات و کەش و ئاووهەوا هەستونەستەکانی ئەو لە خۆ دەگرن. ئەگەرچی ئەویش نوێژ بۆ هەمان خوای ئەوانی تریماڵەوە دەکات و ئەمیش هەر لەو دەپاڕێتەوە، کەچی ناچاریشە نوێژ و پاڕانەوە بە جۆشوکوڵەکانی خۆی

PDF 4 KURD

بۆ ئەوێ ببات.

پاڕانەوە و نوێژکردن لە ماڵەوە بۆ ئەو کەڵکی هیچیان نەدەگرت و لەوێ هێندەی خواستی ئەو، بەپەرۆشەوە، جێبەجێ نەدەکران؛ هێندە بەکەفوکوڵ و لە ڕووی ئیمانەوە بەهێز نەبوون تا قەبووڵ بکرێن و لەوە زۆر زیاتر داوا دەکرا تا گوێ لە نوێژ و پاڕانەوەکانی بگیرێت. لەبەر ئەوە ئەوەیش کە ڕۆژانێک دنیا خۆش بوو و هاتنەدەرەوە و گەڕان بەو دەوروبەرانەدا خۆش بوون، کەڵکی هیچی بۆ ئەو نەدەگرت و نەیدەکرد. ئەو بە تەواوی نەیدەزانی -هەستی دەکرد کە ئاسان نییە و سەیرە کە پێویستی بەوە هەیە بەو دەوروبەرانە بگەڕێت، ئەمە زۆر جاران ئازاری دەدا. بەڵام دەبوو ئاسانیش نەبێت و هەروایش بێت.

ئەوەی ئەندەش داوای دەکات ئەوەیە کە نە خۆی بمرێت و نە هیچ کەس لە نزیک و خۆشەویستەکانی. ئەو، بێجگە لە ژیان، هیچ خێر و چاکەیەک بۆ خۆی داوا ناکات، بەڵام نوێژەکانی یارمەتیی نادەن. ڕۆژێکیان گۆزەی شیر بە تەنیا بە ڤیتارەکە نایەت بۆ ڤێکشوێ، بەڵکە هاوڕێ لەگەڵ داپیرەی؛ دایکی دایکی، کە پۆشتە و پەرداخە و خۆی ڕازاندووەتەوە، بە ڤیتارەکە دەگەنە جێ. ئەو ماندووە و ئازاری هەیە و دەیەوێت بچێت بۆ لای دۆکتۆر. بەڵام نەخۆشییەکەی کارییە و دۆکتۆر

PDF 4 KURD

هیچی لەگەڵ ئەو شێرپەنجەیەدا بۆ ناکرێت کە تووشی بووە.

لای ئەندەش تارمایی گیانکێشی مەرگ، بە تەنیا ناکەوێتە سەر داپیرەی، بەڵکو ماڵ و هەموو دەوروبەرەکەیش دەگرێتەوە. ‹‹مەرگ لێرە باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو. لە خەون دەچووا!›› ئیتر سەردانی ماڵی باپیرە و داپیرەی کە پێشتر زۆر دڵی پێی خۆش بوو لێی بوو بە دەرد و لەگۆڕنانیش بۆ خۆی، هەمیشە، ئازارکێشانێکی گەورەیە. ترس لە مردن کە ئیتر لەوەیە، درەنگ یا زوو، ئەمیش بگرێتەوە، ئەندەشی گەنج ئازار دەدات. لەوەیش خراپتر ئەو هەستە ترسناکەیە کە ئەو ئیتر لە دەرەوەی ئەو باوەڕە ئایینییەوە خۆی دەبینێتەوە کە سەرلەبەری خێزانەکەی تێیدا هاوبەشن. ‹‹ئەو خۆی لە خواکەی ئەوان دزییەوە. بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، بە فێڵ، خۆی دەدزییەوە. ئەو ئێستا لە دەرەوە، لەنێو تاریکاییەکەدا بوو و دەوروبەری ئەو لە بۆشاییەک زیاتر نەبوو.›› بەپێی قسەی ئێلینی کچی، ئەو ترسە بەهێزەی بەرانبەر مردن هەیبوو ئەو کاتە لە کۆڵ لاگەرکڤیست بووەوە کە دایکی مرد.

## نەیاریی بەرانبەر بەو ماڵەی تێیدا گەورە بووبوو

PDF 4 KURD

وەک پێشتر باس کرا ژینگەی سەردەمی منداڵی گرنگییەکی زۆری هەبووە لەوەدا کە پییر لاگەرکڤیست وەک نووسەرێک پێ بگات. سەرباری ئەوەیش هەستی نەیارییەکی بەهێزی بەرانبەر شوێنی لەدایکبوونی خۆی هەبوو. پاش ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد و ڤێکشیوێ بە جێ هێشت، بە نابەدڵ نەبووبێت، نەگەڕایەوە بۆ ئەوێ، ماوەیەکی دوورودرێژیش دوای ئەوە، نەیدەویست سەردانی سمۆلاند بکات. ڕەنگە یادەوەرییە پڕ لە خەمینییەکانی سەردەمی منداڵی کە پڕ بوون لە ڕووداوی خەمهێن و بە ترس لە مردنەوە گرێدرابوون ڕێی لێ گرتبێت، ڕەنگە نەبوونی شتی هاوبەشیش لەگەڵ ئەوانی تردا، دوای ئەوەی باوەڕی دینیی سەردەمی منداڵیی خۆی لە دەست دا، ڕێگر بووبێت. هەر چۆنێک بێت، لەبەر ئەوە نەبوو کە خۆشەویستیی بۆ کەسوکارەکەی لە دەست دابوو. ئەمەیش لەو نامانەدا دەردەکەون کە بەردەوام لەگەڵ خوشک و براکانیدا دەیگۆڕینەوە.

لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی نەیاریی ئەو بەرانبەر ڤێکشیوێ ئەو کۆنەپەرستییە بووبێت کە لەوێ زۆر بە قووڵی ڕەگی داکوتیبوو. لە هەڵبژاردنی

ئەنجومەنی شارەوانیی ساڵی ١٩١٠ دا، ئەو شارە وەک یەکێک لە شارە هەرە کۆنەپەرستەکانی سەرانسەری وڵات دەرکەوت. جیاوازیی چینایەتی بە ڕوونی بەو هەڵبژاردنەوە دیار بوو، ئەگەرچی خێزانی لاگەرکڤیست پرۆلیتار نەبوون، بەڵام هەلومەرجی ژیانیشیان لە بارێکی زۆر خراپدا بوو، هیچ تێکەڵییەکیان لەگەڵ دارا و دەستڕۆیشتووانی شاردا نەبوو. دایکوباوکی قوربانییەکی زۆریان دا تا پێیری کوڕیان خوێندن لە خوێندنگەی ڤێکشوێ تەواو بکات و هەر لەوێش ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، چ لەنێو خوێندکاران و چ لەنێو مامۆستایاندا تا بڵێیت کۆنەپەرستانە بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا لەڕێی مامۆستای بایۆلۆژییەوە بوو کە پێیر لاگەرکڤیست دەستی بە کتێبەکەی داروین؛ لە بارەی گەشەکردنی ڕەگەزەکانەوە، گەیشت کە لە ڕۆمانەکەیدا وەک «ئەو تیۆرییەی کە لەوێوە فێری بووم، تیۆرییەک بوو کە خوا و هەموو هیواکانی لەگەڵ خۆیدا ڕامالی».

هەر ئەوەیش بوو، سەرباری ئەو کۆنەپەرستییەی لە ئارادا بوو، هەلی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕادیکالەکان لە ئامادەیی کە لاگەرکڤیست یەکێک لە ئەندامەکانی بوو ڕەخسا و کار و چالاکیی ئەو کۆمەڵەیەیش بریتی بوو لەوەی کە لە کاتێکدا ئەوانی تر بە پاڕانەوە لە خواوە خەریک بوون، ئەمان کۆبوونەوەکانی خۆیان دەکرد

PDF 4 KURD

لەو کۆبوونەوانەیشدا، لەبەر ڕۆشنایی بیروڕای سۆسیالیستانەدا، هەبوون و نەبوونی خوا دەخرانە ژێر پرسیارەوە.

ڕەنگە نەیاریی ئەو بەرانبەر گەڕانەوە بۆ ماڵ، هەمان نەیاریی بووبێت کە بەرانبەر شاری ڤێکشۆێ خۆی هەیبوو، هەروەها هەمان نەیاریی بووبێت بەرانبەر بە هەموو ئەو شتانەی لەوێ بەسەر پییری گەنجدا هاتبوون -کە ئەوسا ناوی پێر بوو. بۆ سەلماندنی گریمانەیەکی وەهایش دەتوانین شیعرە بەناوبانگەکەی (نامەیەک هات)ی نێو کۆمەڵەشیعری (ڕێی بەختەوەرەکە)ی ساڵی ١٩٢١ بە بنەمایەک دابنێین. شاعیر لەو شیعرەیدا (دایکە پیرەکەم) لە ژینگەیەکدا دادەنێت کە دیمەنی ماڵی دایکوباوکی دایکی لە گوندی (گێتاسشارف) بە بیردا دەهێنێتەوە و ئەم دیمەنەیش هێندەی لە توانادا بووبێت نزیک لە واقیع لە ڕۆمانی میوانی واقیعدا باسی لێوە کراوە و خراوەتە ڕوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەندەش لاگەرکڤیست ئەم ماڵە و دەوروبەرەکەی، کاتێک باری ئابووریی خەزووری زۆر خراپ بوو، کڕی، بەڵام خۆی و (هاننا)ی ژنی، ئەگەرچی زۆر جار سەردانی ماڵەکەیان دەکرد، بەڵام هەرگیز نەیانگواستەوە بۆ ئەوێ. هاننا لەو ڕۆژەوە کە شووی کرد تا مردنی هەر لە ڤێکشۆێ مایەوە. ڕەنگە

PDF 4 KURD

ئەوە لە بەر دڵی شاعیر گران بوو‌بێت کە لەم شیعرە پڕ لە ئەوین و خەمگینەدا دایکی لە ژینگەیەکدا دابنێت کە ئەو بۆ خۆی ڕقی لێ دەبووەوە.

ئەگەرچی پییر لاگەرکڤیست کە گەورەتریش بوو لە بارەی ‹‹منداڵیی ترسناک››ی خۆیەوە دواوە، بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە کە ئەو وەک منداڵێک خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرابێت. ئەم ئەنجامە دەتوانین لە ڕۆمانی میوانی واقیعدا بە دەست بهێنین. ژینگەی ماڵەوەی ئەندەش وەک ژینگەیەکی ئارام و دڵنیا باس دەکرێت. ‹‹ئەو ئارامییەی کە لێرە لە ماڵەوە هەبوو کەم جاران لە دنیادا هەیە.›› ئەو هەم لە لایەن خوشک و براکانی و هەم لە لایەن دایکوباوکەوە باش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کراوە و ئاگایان لێی بووە. لەنێو هەموو ئەندامەکانی خێزاندا جۆرە نزیکی و باوەڕ بە یەکتر هەبوونێک لە ئارادا هەبوو کە بە توندی بە یەکترەوەی بەستبوون و لە دنیای دەرەوەی دابڕیبوون. گێڕەرەوە لە ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە لێی دەدوێت. منداڵیی ئەندەش تەنیا لەو ترسەوە بەرانبەر مردن هەیبووە و هێند سەخت ئازاری داوە و لەڕێی لەدەستدانی ئەو باوەڕە ئایینییەی لە منداڵیدا هەیبووە، هەروەها تا ڕادەیەک لەبەر ئەو داخراوی و قورسییەی کە بە کەشوهەوای ماڵەکەوە

دیار بووە، بە شێوەیەکی ترسناک دەردەکەوێت. دایکوباوکی، زۆربەی کات، ئینجیل دەخوێننەوە و ئاخ هەڵدەکێشن.

ئەمەی دواییان لەوە ناچێت بە تەواوی لەگەڵ ئەو پەیوەندییانە بێتەوە کە لە ماڵی لاگەرکڤیستەکاندا هەبوون. خەڵکی تر بە بەڵگەوە دەگێڕنەوە کە تەنیا هەر «سروودە ئاینییەکان» لەو ماڵەدا نەوتراونەتەوە، بەڵکو گۆرانیی تریش هەبوون و پڕ بە دڵ پێکەنینیش هەبووە. ڕەنگە ترس لە مردن بووبێت کە وای لەو دواکورەی ماڵ کردبێت ئەو پڕ بە دڵ پێکەنینانەی لە بیر بچێتەوە، یا لەبەر هۆکاری هونەریی نووسەرێک بووبێت ئەوەی بە ڕەوا بینیبێت کە لەسەر حسابی دڵخۆشی، جەخت لەسەر لایەنە تاریکەکەی سەردەمی منداڵی بکات.

## وەسفکردنی واقیع

میوانی واقیع باسی منداڵییەک و گەورەبوونێک دەکات. ئەوە سەرگوزەشتەکانی ئەندەشە لە دنیای دەوروبەر و دنیای ناوەوەی خۆیدا کە نێوەندی ئەو باسانەی پێکهێناوە. بەڵام هاوکات ئەو دنیایەی دەرەوە، ئەو دنیایەی ئەو تێیدا میوانە لە ڕاستیدا خۆی چۆنە ئاوها دەگێڕدرێتەوە. ژینگەی ماڵەوەی ئەندەش، ماڵی

PDF 4 KURD

دایکوباوکی دایکی و لەگۆڕنانی نەنکی بەو شێوە دەگێڕدرێنەوە کە هەبوون. یەکێک لەوانەی کە بە وردی وەسف دەکرێت گەشتی ئەندەشە لەگەڵ باوکیدا بۆ ماڵی داپیرەی. ئەوان بە سواری (ترالا) دەڕۆن، بە لای وێستگەی (نیس)دا تێپەڕ دەبن، کە لە واقیعدا وێستگەی (ڕێپە)یە و نەختێکی تر دەڕۆن و پاشان بە پێ دەکەونە ڕێ: کێڵگە ڕازاوە سەرلەبەر سەوزەکان لەو هاوینەدرەنگەدا کەوتبوونە ئەمبەر و ئەوبەریانەوە، گیادرییەکان هالاویان لێ هەڵدەستا و هەوا بەسەر پەرژینە لە داردروستکراوەکانەوە وەستابوو، چونکە دنیا گەرم بوو، دەلەرییەوە. ڕێگاکە کەمێک لە چەمەکەوە دوور بوو، کە گەیشتنە ئاشەکە، ئاشەوان ڕێک لە کاتی خۆیدا، توندوتۆکمە و ئارداوی هات و سلاوی لێ کردن. ئەمجا لە چەمیلەیەک پەڕینەوە و پاشان بەسەر گردێکی نزمدا هەڵزنان و هەر ئەوسایش ماڵەکە لە بەردەمیاندا دەرکەوت.

تا ئێستایش، بە شێوەیەکی گشتی، ئەو وەسفکردنە لە جێی خۆیدایە. ماڵی وێستگەکە ماوە، ئەگەرچی قیتارەکە چیتر لەوێدا ناوەستێت و لە وێستگەی ڕێپە دەوەستێت. هەروەها بینای ئاشەکەیش ماوە، بەلام ماڵی (پێلاگۆردی گێتاسشارف) کە ناوی ئەو ماڵە بوو کە داپیرە و باپیرەی تێیدا دەژیان، نەختێک بەرەو

ناوەندی گوندەکە گوێزراوەتەوە. دارستانەکەیش، ئەوەی لە نووسینەکەدا ڕێک لە دوای گۆڕستانی تەنیشت ڕێگای ئاسنینەکەی شارەوە دەست پێ دەکات، ئێستا نەماوە. لە جێی ئەو خانووبەرەی تر دروست کراون و ئەو زەوییەیش کە بەردەنوێژە نهێنییەکەی ئەندەشی لێ بوو، ئێستا بووە بە موڵکی وەزارەتی بەرگری.

بۆ ئەوانەی کە تا ئێستایش پەرۆشییەکی تایبەتیان بۆ قیتار هەیە و حەز لە چۆنێتی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوونی دەکەن، وەسفکردنی جموجووڵی دەوروبەری وێستگەکە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. تا ئێستایش لەو ناوچەیەی وێستگەکەی ڤێکشوێ، هێڵەکانی ڕێگای ئاسنین بە فراوانیی جۆراوجۆر، لێرە و لەوێ، هەر ماون. لە سەرەتای چەرخی بیست و کۆتایی چەرخی نۆزدەدا ژیانی ئەو دەوربەرە بەم جۆرە بوو: «گەیشتە تەویلەکان، پاشان چووە ئەو جێیەی کە قیتار و فارگۆن و لوکوموتیڤەکانی لێ ڕادەگیردرێت. لەوێ قیتار و ڕێگاکان ئامادە دەکران و ڕێگاکان لە هەموو لایەکەوە دەگۆڕدران، فیکەفیکی لوکوموتیڤەکان دەبیستران و دووکەڵیان فڕێ دەدایە دەرەوە، ئەو لوکوموتیڤە بچووکانەی کە بەسەر دوو ڕێگا ئاسنینە بەرتەنگەکەوە بوون، لەوێدا کە فارگۆنەکانیان بەرەو

PDF 4 KURD

ئەو قیتارە ڕادەکێشا کە ئێوارە دەبوو بە ڕێ بکەوێت، وەک بەچکەی مەل، جووکەجووکیان بوو، ئاویان لێ دەردەپەڕی و سلندەرەکانیان فیشکەیان لێوە دەهات، لوکوموتیڤە گەورەکانی سەر ڕێگا ئاسنینە فراوانەکانیش دووکەڵێکی زۆریان بەرەو ئاسمان لێ بەرز دەبووەوە و ئاسمانیان پڕ کردبوو. ئەو پیاوانەی لە وێستگەکە کاریان دەکرد خۆیان بەو فارگۆنانەدا هەڵواسیبوو کە کەلوپەلیان پێ دەگوێزرایەوە و ئامادەی بەڕێکەوتن بوون و بە دەست ڕێنوێنی و ئیشارەتیان بۆ یەکتر دەکرد. لوکوموتیڤێک پێنج فارگۆنی پڕ لە (لینگۆن)ی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا و یەکێکی تر بە ڕێزێک فارگۆنەوە گەیشت و فارگۆنەکان پڕ بوون لە گا و مانگا و گابۆڕ ئەو ناوەی پڕ کردبوو. ئێرە پڕ بوو لە ژیان. ئەو بەنێو قیتارەکاندا بەرەو پێش هەنگاوی دەنا، هاوکات لەگەڵ کەوتنەئیشی قیتارەکاندا بەسەر ڕێگائاسنییەکاندا هەنگاوی هەڵدەهێنا، سڵاوی لە شۆفێران و ئەوانە دەکرد کە ئاگریان دەکردەوە تا قیتارەکان بکەونە کار، سڵاوی لەو پیاوانە دەکرد کە لە وێستگە کاریان دەکرد و لەو کوڕانەیش کە بە خۆیان و چراکانی دەستیانەوە بەرەو قیتارەکان دەڕۆیشتن تا هاریکارییان بکەن بۆ ڕاوەستان.»

ئەگەرچی زۆربەی نووسینەکانی پیێر لاگەرکڤیست

PDF 4 KURD

لە ژیانی خۆیەوە سەر هەڵدەگرن، بەڵام کەم لە نووسینەکانی ئەو بە ئاشکرا تایبەت بە نووسینەوەی ژیانی تایبەتی خۆیەتی. کە سروشتی سمۆلاندیش بە لای ئەوەوە گرنگ بووە، لە وتەیەکیدا دەردەکەوێت کە بە بۆنەی یەکی ئایاری ١٩٤٢وە بۆ گرۆیەک لە خوێندکارانی سەر بە کۆمەڵەی سمۆلاندییەکان لە ئوپسالا خوێندوویەتیەوە: ‹‹من هەستم بەوە کردووە هەر کاتێک باس لە سروشت و دیمەنێکی سروشت دەکەم، هەمیشە هەر دیمەنی سروشتی سمۆلاندە و سمۆلاند بووە، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە نیازم ئەوە نییە. بۆ خۆی وا دەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی خۆم پێی بزانم.››

هەندێ جار لاگەرکڤیست یەکێک لە خزمەکانی خۆی وەک نموونەی یەکێک لە کەسایەتیی نووسینەکانی بە کار هێناوە. بەپێی یەکێک لە دەستنووسەکانی خۆی (پیتیان)ی ڕۆمانی (سیبیولان)، ساڵی ١٩٥٦، یەکێک لەو کەسایەتییانەیە. بۆ (پیتیان)، دایکی باوک؛ (ئێلین لاگەرکڤیست)، دەبێت بە نموونە و لەودا خۆی دەبینێتەوە. (ئێلین لاگەرکڤیست)یش لەگەڵ (ماگنوس) ی مێردیدا لە (بیۆرکلیند) لە سەرووی دێی (گیملا) وە لە خانوویەکدا دەژیان کە تا ئێستایش ماوە. ئەوەی کە ئەم ماڵە لە ڕۆمانی میوانی واقیعدا نییە،

PDF 4 KURD

لەوەیە پێوەندی بەوەوە هەبێت کە پیێر لاگەرکڤیست وەک منداڵ ئەوەندەی لە ماڵی دایکوباوکی دایکی بە سەر بردووە، لەوێی بە سەر نەبردووە. بەڵام دایکی باوکی؛ کە هێندە ئینجیلپەرست بووە کە تەنانەت قەشەی دێیەکەیش نەیتوانیوە کێبەرکێی لەگەڵدا بکات، لە یەکێک لە سووچەکانی میوانی واقیعدا کاتی لە گۆڕنانی دایکی دەردەکەوێت:

‹‹ئەوسا پیرەژنێکی بچکۆلانە لە دێیەکەدا، لە یەکێک لە کۆختەکانی ئەوپەڕی ئەو ڕیزەکۆختەی کەوتبووە قەراغی دێوە، لە بەر پەنجەرەیەکدا دانیشتبوو، بۆ ئەوەیش بتوانێت بەرگەی ئەوە بگرێت پەنجەرەکە بە کراوەیی بمێنێتەوە، شاڵێکی لە خۆیەوە پێچابوو. لە هەمووان پیرتر بوو، گرمۆڵە و پشتکووڕ، چەندین ساڵ بوو لە کۆختەکەی خۆی نەهاتبووە دەرەوە، بەڵام قژی قەترانی، تاڵێکی سپی تێ نەکەوتبوو و چاوەکانیشی قاوەیی و دەبریسکانەوە. ئەو پیرەژنە دایکی باوکم بوو. ڕەنگە ئەوسایش خوینی (ڤالۆن) یەکان هێشتا هەر لە دەمارەکانیدا گەڕابێت و ڕەنگە وایش نەبووبێت – شتێکی سەیر و نامۆی تێدا دەبینرا، چون ئەو پێستڕەش و قژڕەش بوو، لە کاتێکدا کە هیچ کەسێکی تر لێرە وا نەبوو. لەوەیش دەچوو لە ژنەجووتیارەکانی تر خانومانتریش بێت، ئەگەرچی

PDF 4 KURD

[illegible]ان هەژارتریش بوو؛ بەڵام بە کچێنی ڕێی پێ درابوو لەگەڵ کچی ماڵە نەجیبزادان بخوێنێت. بەڵام ئێستا لەوێدا، بە پەنجەرەی کراوەوە و ئینجیلێک لە کۆشیدا، دانیشتبوو و گوێی بۆ ئەو زەنگانە شل کردبوو کە بۆ بەڕێکردنی پرسەی نەنە (ستینا)م لێ دەدران، کە یەکەم زایەڵەیشی گوێ لێ بوو، دەستی خستنە نێو یەک و گرمۆڵەی کردن و سەرە بچکۆلە سەیروسەمەرەکەی خۆی بە لای پەنجەرەکەدا لار کردەوە، بە جۆرێک کە ئەو چۆلەکانەی لەسەر قەراغی دەرەوەی پەنجەرەکە، هەڵنیشتبوون، هەڵفڕین و بە ئاسماندا بڵاو بوونەوە.››

نووسینێکی تریشی هەیە کە بە ئاشکرا باس لە ژیانی خۆی دەکات، ئەویش (باوکم و من)ـە و لە کتێبی (ئەفسانە بەدەکان)دا، ساڵی ١٩٤٢، بڵاو کراوەتەوە. لەوێدا دیسان بە باوک و کوڕ دەگەینەوە کە بەنێو دەشتودەری سمۆلاندا لە سەفەردان، ئەمجارەیان بە پێ بەسەر ڕێگای ئاسنیندا: ‹‹گەیشتینە سەر هێڵەکانی ڕێگای ئاسنین، کەسی تر بۆی نەبوو بەوێدا بڕوات، بەڵام باوکم لە ڕێگای ئاسنین کاری دەکرد و بۆی هەبوو. هەر بەو جۆرەیش یەکسەر گەیشتینە دارستانەکە و پێویستمان نەبوو لاڕێکان بگرینە بەر.››

ئارام و خۆشە، سروشت پڕ لە گوڵەبەهارە و ئاسمانیش پڕ لە جریوەجریوی باڵندان. دڵنیایی بۆ

PDF 4 KURD

باوک، کە کوڕەکەی دەستی گرتووە، تا ئەو جێیەی خۆر تیشکەکانی لەو ئاسمانە ساماڵەوە بنێرێت، لە هەموو هەستەکانی تر گرنگترە. لەگەڵ خۆرئاوابوون و تاریکداهاتندا پشێوی و ترس هەستەکانی ئەو کوڕە دەساڵانەیە، ئەگەرچی هێشتا دەستی لەنێو دەستی باوکیدایە، دادەگرن. دەنگی قەڵبەزەی ئاوەکە، کە پێشتر «بەرفراوان و خۆشئاوازە» دەهاتە گوێ، ئێستا کە بەسەر پردەکەدا تێپەڕ دەبن دەگرمێنێت «ناخۆش وەک ئەوەی بیەوێت هەڵمانبلووشێت، لە بنەوەیش زەوی دەمی لێ کردووینەتەوە.» لە تاریکییەکەدا هەموو شتێک لە منداڵەکە تێک دەچێت، هەڕەشە و ترس لە پڕێکدا هەموو شوێنێکی داگرتووە، هەموو شوێنێک کە هەر نەختێک لەوەوبەر ڕووناک و خۆش بوو. وەک بەهێزکردنی ئەم گۆڕینەیش کە لە هەستونەستەکانی ئەودا ئەوە ڕوو دەدات، قیتارێک کە فارگۆنەکانی کوژاونەتەوە و لۆکۆموتیڤەکەی نیڵەنیڵێتی، بە گرموهوڕ و بەوپەڕی خێرایی بە لایاندا تێپەڕ دەبێت. لەوەیش سەیرتر ئەوەیە کە باوکی قیتارلێخوڕ ناناسێت و نەیشدەبوو لەو کاتەدا هیچ قیتارێک لەوێوە بڕوات. ڕەمزی چیرۆکەکە لە دواقسەکانی گێڕەرەوەدا، کە ئەو هەر خۆیەتی، ڕوون دەبێتەوە:

هەستم بە ماناکەی کردبوو، ئەوە هەر ئەو

...ەرانییە بوو کە دەبوو هەبێت، ئەوەی کە بێجگە لە خۆم هیچ کەسی تر لێی بە ئاگا نەبوو، ئەوەی باوکم هیچ شتێکی لەبارەوە نەدەزانی و نەیدەتوانی لێیم بپارێزێت. ئەم دنیایە و ئەم ژیانە بۆ من دەبوو وا بن، نەک وەک ئەوەی باوکم، کە هەموو شتێک تێیدا دڵنیا و بێ چەندوچۆن بوو. ئەو دنیایە دنیایەکی ڕاستەقینە و ئەو ژیانەیش ژیانێکی ڕاستەقینە نەبوو. گڕگرتوو و بە نیڵەنیڵ بەسەر هەموو تاریکییەکدا داباریبوو، کە نە کۆتایی هەبوو، نە دەبڕایەوە.

(مرۆڤەکان)ی ساڵی ١٩١٢ وەک یەکەم نووسینی پییێر لاگەرکڤیست، ئەگەرچی زۆر نووسینی تری بچووکی پێشتر لە دەست بووبووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کرابوونەوە، چاوی لێ دەکرێت. یەکەم بەرهەمیشی لە شێوەی کتێبدا (هونەری وشە و هونەری وێنە)، ساڵی ١٩١٣، کە بەیاننامەی ئەو بوو و بە گیانێکی «کوبیستی»یانەوە نووسراوە، بەهرەی نووسینی ئەو کتێبەیشی دوای یەکەم سەفەری بوو بۆ پاریس. هەر ئەوسایش لە ڕێی (گێرترود شتەین)ـەوە پێوەندی لەگەڵ نوێگەریی تازەلەدایکبوودا پەیدا کرد و (کوبیزم)ی پیکاسۆ بوو بە یەکێک لە ڕووداوە گەورەکانی ژیانی.

بەڵام یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی گرنگی پییێر

لاگەرکڤیست کۆمەڵەشیعری (نیگەرانی)یە، ساڵی ١٩١٦ بڵاو بووەتەوە و بە گرنگترین بەرهەمی شیعری نوێگەریی سویدی دادەنرێت. سەرباری ئەوەیش، ئەوسا، تەنیا بە تاکە وتارێکی هەڵسەنگاندنی دە دێڕی ئاوڕی لێ درایەوە. ئەمەیش شتێکمان لەبارەی پێشوازیی سویدەوە پێ دەڵێت بەرانبەر بە هەوڵە نوێگەرییەکانی ئەو ڕۆژگارە.

ناوونیشانی کۆمەڵەشیعرەکە سەرنجڕاکێشە. ئەو نیگەرانییەی لە زۆربەی شیعرەکاندا دەردەبڕدرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جەنگە ترسناکەی کە هەموو دنیای شڵەقاند، لە کاتێکدا شیعرەکانی تر پێوەستن بە ڕووداوە پڕ لە نیگەرانییەکانی سەردەمی پێگەیشتنی شاعیر خۆیەوە. بۆ ئەو هەستانەی تریش کە شاعیر پێویستی بە دەربڕینیان هەبوو کوبیزمی ئەرکیتێکتۆنیستی هیچ کۆمەکێکی پێ نەکرد و لەبریی ئەوە (ئێکسپرێشیونیزم)، کە لە کتێبی (هونەری وشە و هونەری وێنە)دا هەر بە خۆی لە پێناوی (کوبیزم)دا پشتی تێ کردبوو، بە هانایەوە هات.

نیگەرانی، نیگەرانی بەشەمیراتی منە،
برینی قوڕگ و
قیژەی دڵمە لەم دنیایەدا.

PDF 4 KURD

یەکەمین دێڕەکانی یەکەمین شیعری کۆمەڵەشیعری نیگەرانی بەمە دەست پێ دەکەن. باری هەستەکانی شاعیر بە چەندبارەکردنەوەی وشەی «نیگەرانی» دەردەبڕدرێت. ئاماژەکردن، لێرەدا، بۆ شیعرە بەناوبانگەکەی (کالفیلد)، «بەشەمیراتی من ناوی تاسەوئارەزووە» دژەکاریگەرییەک دەداتەوە. ئەنالۆگیی هەستەکان وەک «برینی قوڕگ» و «قیژەی دڵ» نیگەرانییەکە بەهێزتر دەکەن. دیمەنی دەوروبەر ڕەق و چۆڵەوانی و چوارچێوەدارە. تاریکییە ڕەشەکە بڵاو بووەتەوە. خوازەکانی وەک «دەستی زبری شەو» و «پارچەپەڕۆ تەزیوەکانی هەور» ڕۆح بە بەر ئەو دەوروبەرە تاریکەدا دەکەن و دەیکەن بە دیمەنێک لە حاڵەتی ڕۆحیی شاعیر، کە شاعیر هەر خۆیەتی. دەستە بەرەو ئاسمان هەڵبڕدراوە خوێناوییەکان ئەوپەڕی دوودڵی دەردەبڕن. دووبارەکردنەوەی ئەو سێ دێڕەی کە سەرەتای شیعرەکەیان پێک هێناوە لە کۆتایی شیعرەکەدا، حاڵەتە هەستەکییەکەی شاعیر بەهێزتر دەکەن و بازنەکەیان پێ دادەخرێت. ئەو بەیتە سەربەستە ئەوە پیشان دەدات کە هەستەکان لە شێوازی دەرەکیی شیعرەکە گرنگترن.

بەڵام شیعری ئازاد بۆ لاگەرکڤیستی ئێکسپریشونیست ناچارییەک نەبوو، کە دەبوو

PDF 4 KURD

هەر ئەو شێوازە بە کار بهێنێت. ئەمەیش لە شیعرە تۆکمەوتۆڵەکانی (ئێستا خۆر قژە کاڵەکەی بەر دەداتەوە) و (خۆرئاوابوون جوانترینە)دا و لە کۆمەڵەشیعری (ئاژاوە)دا، ساڵی ١٩٢٠، بە جوانی دەردەکەوێت. لەو شیعرانەوە دەردەکەوێت کە شاعیر تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتی بەسەر ئەو هونەرەدا شکاوە کە مامەڵە لەگەڵ پرسە گەورەکان لەبارەی ژیان و مردنەوە بە شێوازێکی نەریتی و لەڕێی هۆنینەوەی سەرواکان و ڕەمزە ناوازەکانەوە بکات.

لاگەرکڤیست چەندین کۆمەڵەشیعری نووسی. لەنێو ئەوانەدا، زۆربەی خەڵک، لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئێوارستان، ساڵی ١٩٥٣، لە هەمووان لەپێشترە. ئێوارستانیش زۆر بە وردی لە لایەن (ئینگرید شوییەر)ەوە، لە نامەی دۆکتۆراکەیدا، (وەک لە ئێوارستاندا)، ساڵی ١٩٨١، لێی کۆڵراوەتەوە. شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرەیش مۆرکی ئەو هەڵوێستی بەدواداگەڕانەیان پێوە دیارە کە بەرهەمەکانی تری ئەوی پێ دەناسرێتەوە. خوا هەیە؟ ئەگەر هەیە، کەواتە کێیە؟ ئایا ژیان مانایەکی هەیە؟ شاعیر بەردەوام و بێبڕانەوە بە دوای وەڵامی ئەم پرسانەدا دەگەڕێت. لە یەکێک لە شیعرەکاندا بەم جۆرە پرسوڕاکانی خۆی دەردەبڕێت:

PDF 4 KURD

که تۆ باوەڕت بە خودایەک هەیە و خودایەکیش هەبوونی نییە
ئەوا باوەڕەکەت پەرجوویەکی گەورەتریشە.
ئەوا باوەڕەکەت بەڕاستی شتێکە تا بڵێیت گەورە.

بۆچی بوونەوەرێک لە بنی تاریکاییدا کەوتووە و هاوار بۆ شتێک دەکات کە هەبوونی نییە؟
ئەمە بۆ وەهایە؟
خۆ کەسێک نییە گوێی لەوە بێت کەسێک لە تاریکاییدا هاوار دەکات.

بەڵام ئەی بۆچی هاوار هەیە؟ یەکێک لە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەو لە ئێوارستاندا شیعری «کێ بوو بە لای پەنجەرەی منداڵیمدا تێپەڕی» کە ژانی لەدەستدانی تافی منداڵیی ئەو دەردەبڕێت و «بە چاوی پیرەوە ئاوڕ لە دواوە دەدەمەوە»، لەوێدا شاعیر بۆ سەردەمی منداڵی لە سمۆلاند دەگەڕێتەوە، بەڵام نەک بۆ شارەکە خۆی، بەڵکو بۆ ئەو ئارامییەی کە لە ماڵەکەی لادێیان هەبوو، ئەو ماڵەی کە چرای تەویلەکەیان تیشکە نەرمەکەی خۆی بە دەوروبەردا بڵاو دەکاتەوە. هەروەها زۆرجاریش ئەم شیعرە پڕ لە سەودایی و خەمهێنە دەخوێنرێتەوە:
ڕۆژێک دێت تۆیش دەبیت بە یەکێک لەوانەی زۆر

PDF 4 KURD

لە مێژ بوو ژیابوون.

زەوی وەک چۆن گیا و دارستان و گەلای ڕزیوی بیر دەکەوێتەوە،

ئاوایش تۆی دێتەوە بیر.

وەک چۆن گڵ و

وەک چۆن چیاکان، بایان بە بیردا دێتەوە.

خامۆشیت وەک زەریا بێکەنار دەبێت.

www.fb.com/PDFkurd

## گرنگیی ئەو بۆ شانۆ هەر لە زووەوە

لەوماڵەدا کە پییێر لاگەرکڤیست سەردەمی منداڵیی خۆی تێدا بە سەر برد، بێجگە لە ئینجیل و کتێبی مەزامیرەکان و وتارەکانی ئارندت، کتیبی تر نەبوون. هاننا لاگەرکڤیست بۆ کوڕەکەی گێڕاوەتەوە کە جارێکیان لە سەردەمی لاوێتیی خۆیدا ڕۆمانێکی خوێندووەتەوە، بەڵام پاشان پەیمانی بە خۆی داوە کە چیتر کتێبی لەو جۆرە بە دەستەوە نەگرێت.

کەواتە لەو ماڵەدا هیچ هاندەرێک نەبوو بۆ ئەوەی لاگەرکڤیست دەست بە خوێندنەوەی ئەدەب بکات، بۆیە دەبێت هەر لە خوێندنگە بووبێت کە ئەو ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەدەب پەیدا کردبێت و ئارەزووی بۆ نووسین تێدا دروست بووبێت. ئەو وەک پانزە ساڵانێک دەست بە نووسینی یادەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆی دەکات و

PDF 4 KURD

هەر زوویش شانۆ بەرەو خۆی ڕایدەکێشێت. شانۆ لە ڤێکشوێ هەر لە کۆنەوە هەبووە. ئەو خانووە جوانەی شانۆ کە لەوێ هەبوو، لە نێوەڕاستی چەرخی حەڤدەیەمیندا دروست کرابوو و ئەو کارانەیش کە لەوێ پێشکەش دەکران بەردەوام لە گۆڕاندا بوون. دەزانرێت کە لاگەرکڤیست یەکێک لەوانە بوو کە بەردەوام شانۆکانیان بە سەر دەکردەوە. ئەمەیش بە بیرکردنەوە لەوەی کە ئەو پاشان وەک شانۆنامەنووس دەبێت بە یەکێک لە نوێکەرەوەکان و داهێنەرانی شانۆی نوێ، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە.

لاگەرکڤیست، ساڵی ١٩١٨، نووسینێک لەسەر شانۆ بڵاو دەکاتەوە. لەوێدا بە ڕووی درامای سروشتەکی و درامای (ئیبسن)دا دەوەستێتەوە. لە بەرانبەردا ڕۆشنایی زیاتر دەخاتە سەر کارە دراماییەکانیی دوایی (ستریندبێرگ). کارە دراماییەکانی (شانۆی ژوور)، بە هەمان شێوەیش کە چۆن هەستە یەکلاکەرەوەکانی ژیان لە (خەونەنمایش)دا دەردەبڕدرێن، سەرنجی لاگەرکڤیست بە لای خۆیدا ڕادەکێشن. ئەوەیش هەر هەمان ئەو هونەری شانۆییە کە خۆی، کاتێک کارە دراماییە ئێکسپرێشونییەکانی دەخوڵقێنێت، دواتر لەسەری هەڵدەچنێت. (نهێنیی ئاسمان)، ساڵی ١٩١٩، یەکێک لە بەناوبانگترینی ئەو کارانەی لاگەرکڤیستە کە

تەنیا لە یەک نواندن پێکهاتووە.

ئەو کەسایەتییانەی دێنە سەر شانۆ لە شتی تر زیاتر دەچن وەک لە تاکەکەس و ئەمەیش هەستێک دەبەخشێت کە گشتگرترە لەوەی تایبەت بێت بە تاکەکەسێکەوە. پیاوێک بە جلوبەرگێکی ڕەنگگۆشتنی تەسکوتروووسکەوە سەری مرۆڤی بچووکی وەک بووکەڵە لێ دەکاتەوە و ڕەمزی مردنە. ئەوانەی لەسەر شانۆن بە کاروباری خۆیان، بە خۆشەویستی و مۆسقالیدانەوە خەریکن. ئەوان نوێنەرایەتیی ژیان دەکەن بە گشت چالاکی و جموجووڵەکانیەوە. لە پشتەوە پیاوێک وەستاوە و کۆتەرەدار دەبڕێتەوە - ڕەمزی خوا کە لە زۆر لە کارەکانی تری لاگەرکڤیستدا چەندبارە دەبێتەوە. ئەمجا لاوەکە -کە دیمەنێکی هەستەکیی شاعیر خۆیەتی- دێت و داوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەکات کە ئاخۆ مانای ئەو هەموو شتانە پێکەوە چییە. ئەوەی پێکەنینهێن و ئەوەی کە زۆر جدییە تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن. وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە مانای ژیان چییە وەرناگرێتەوە، چون شاعیر خۆی هیچ وەڵامێکی پێ نییە. کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکی (ئەو میوانەی داوای زۆرە)، ساڵی ١٩١٩، کە نزیکییەکی لەگەڵ چیرۆکەکانی کافکادا هەیە، هەمان پرسیار دەکات و ئەویش هیچ وەڵامێکی

دەستگیر نابێت.

دەکرێت لەنێو شانۆنامەکانی تری لاگەرکڤیستدا بە نموونە ناوی (ئەوەی جارێکی تر ژیایەوە)، ساڵی ١٩٢٨ و (خەونی نێوەڕاستی هاوینی نێو ماڵهەژارەکە)، ساڵی ١٩٤١، بهێنرێت. لەوەی دواییاندا چوارچێوەی واقیعیی ژینگەی ماڵهەژارەکە بە چەند دیمەنێکی لەخەونچووی بانئاسایی دەشکێنرێتەوە.

## دژایەتیی بەدکاری - زۆرانبازی لەگەڵ خوا

ئەگەرچی لاگەرکڤیست هەر زوو بوو بە یەکێک لە نووسەرە دیارەکان، بەڵام ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ سەختیی باری ئابووریدا یەکانگیر بوو. ئەو کارێکی جێگیری نەبوو و ناچار بوو لەسەر کۆمەکی دایکوباوکی و بە تایبەت لەسەر دەستگیرۆیی (گوننار) ی برای بژی. دەتوانرێت پێوەندیی نزیکی ئەوان لە ڕێی ئەو نامانەی پییر لاگەرکڤیستەوە بخوێنرێتەوە کە (ئینگرید شوییەر)، ساڵی ١٩٩١، بڵاوی کردوونەتەوە. لاگەرکڤیست بۆ یەکەمین جار بە ڕۆمانی (گرگن)، ساڵی ١٩٤٤، کەوتە نێو ناوانەوە و لەنێو خەڵکدا ناسرا. گرگن ڕۆمانێکە لە شێوەی نووسینەوەی یادەوەریی ڕۆژانەدا نووسراوە و باس لە بەدکاری دەکات لە سەردەمی ڕێنێسانسدا لە ئیتالیا، بەڵام کاریگەریی

PDF 4 KURD

سەرکەوتن و دەستەڵاتگرتنە دەستی نازییەکان لە ئەوروپای بە ڕوونی پێوە دیارە. لاگەرکڤیست پێشتریش بە کتێبە گرنگەکەی (جەلـلاد)، ساڵی ١٩٣٣، ڕق و لەڕووداوەستانەوەی خۆی بەرانبەر بە نازیزم دەربڕیوە و لەوێدا لە ڕوانگەیەکی هەم نوێگەری و هەم تایبەت بە چاخەکانی نێوەڕاستەوە ئەوە پێشان دەدات کە لەوەیە بەدکاری لە ڕووکەشدا شێوەی خۆی بگۆڕێت، بەلام لە نێوەڕۆکدا ناگۆڕدرێت.

کێشە ئایینییەکان ، دوای جەنگی دووەمی جیهان، بەسەر زۆربەی بەرهەمەکانی لاگەرکڤیستدا زاڵن. ئەو قەت دەستی لە پرسی هەبوون یا نەبوونی خوا هەڵنەگرت و هاوکاتیش لە مانای ژیان دەگەڕا. ئەو خۆی بە ‹‹ئیماندارێکی بێئیمان، خوانەناسێکی بەئیمان›› ناو دەبرد. شیعرەکانی ئێوارستان شاهیدی ئەو هەڵوێستەی ئەون و هەمان هەڵوێستیش بە سەرلەبەری ڕۆمانی (باراباس)ەوە، ساڵی ١٩٥٠، دیارە، کە ڕۆمانێکە بە تەواوی سەرنجی خەڵکی، بە تایبەت لە دەرەوەی سوید، بە لای خۆیدا ڕاکێشا و هۆکارێکی گرنگیشە کە لاگەرکڤیست لە ساڵی ١٩٥٢ لەبەر ‹‹ئەو هێزە هونەری و سەربەستییە قووڵەی کە ئەو لە ڕێیانەوە لە نووسینەکانیدا بە دوای وەڵامی پرسەکانی مرۆڤدا دەگەڕێت.›› خەڵاتی (نوبێل)ی ئەدەبی پێ درا.

PDF 4 KURD

پییێر لاگەرکڤیست لە گەڕان بە دوای پرسە هەبوونەکییەکاندا لە ڕۆمانەکانی (سیبیلان)، ١٩٥٦، (مردنی ئاهاسڤێروس)، ١٩٦٠، (دیدەنیکەری شوێنی پیرۆزی ئایینی لە زەریادا)، ١٩٦٢ و (خاکە پیرۆزەکە)، ١٩٦٤، بەردەوام بوو. لە (سیبیولان)دا لە بەژنوبالای ئەو ‹‹پیتیانە دیلفینی››یەدا، کە پاش ئەوەی چیرۆکێکی دڵداریی سەرزەوینی تاقی دەکاتەوە، لەسەر کار لابراوە و ناهێڵرێت لەوێ بمێنێتەوە، چارەنووسی خۆی وەک نووسەرێک نووسیوەتەوە. ئەوەی کە (سیبیلان) چەند خەسڵەتێکی لە دایکی باوکی لاگەرکڤیستەوە وەرگرتووە، جۆرە نیشانکردنێکی تایبەت بە لاگەرکڤیست خۆیەتی. لە دوا ڕۆمانیشیدا (ماریامنە)، ١٩٦٧، لاگەرکڤیست هاوکات لە ڕێی ژنی (ئێرۆدێس)ەوە وێنەیەکی پڕ لە خۆشەویستیی ژنی دووەمی خۆی (ئلاینە)ی نووسیوەتەوە.

پییێر لاگەرکڤیست، وەک بەردەوامییەک بۆ میوانی واقیع، ڕۆمانێکی دڵداریی بچووکی بە ناوی (گەشتە سەختەکە)ەوە نووسی کە چەندساڵێک دوای مردنی خۆی بڵاو کرایەوە. کەسایەتیی سەرەکی هێشتا هەر ئەندەشە، بەڵام ئەوەی لەم چیرۆکەدا باسی لێوە دەکرێت، گێڕانەوەی ژیانی لاگەرکڤیست خۆیەتی و ڕووداوەکان لە دانمارک ڕوو دەدەن و ژنی یەکەمی

PDF 4 KURD

لاگەرکڤیستیش خەڵکی ئەوێ بوو. هەر کەسێک لەم چیرۆکەدا بە دوای دیمەنی سمۆڵاندا بگەڕێت، دەستبەتاڵ و نائومێد دەمێنێتەوە.

## شێوازی تایبەت

لاگەرکڤیست لە ڕووی شێوازی نووسینەوە هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندیی خۆی هەبووە و بەوە ناسراوەتەوە کە بە دەگمەن نەبووبێت وشەیەکی درێژ یا نامۆ لە نووسینەکانیدا نەبووە، دارشتنی ڕستەکانی تا بڵێیت سادە و ساکار و ڕستەکان کورت. ئەو «پوختکردنەوەی بیر و بەرفراوانیی هەست»ـەی ئەو لە نووسینە ناسکویژی و جوانناسییەکانی سەرەتای نووسینی خۆیدا لەنێو نووسەرانی سویدیدا بۆی دەگەڕێت، دواتر لە نووسینەکانی خۆیدا دەیدۆزینەوە و ئەو هەرگیز دەستی لە «بیروبۆچوونی ئاسان، هەستە لێکنەدراوەکان لە بەرانبەر هێزە ئەبەدییەکانی ژیان»دا هەڵنەگرت. ئەو تا مرد دەستی لە ئایدیالی سەردەمی پێگەیشتن و هەڵدانی خۆی هەڵنەگرت.

PDF 4 KURD

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

| ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە | د. حەمید عەزیز | |
| ٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە | د. فەرهاد پیربال | |
| ٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان | د. فەرهاد پیربال | |
| ٤. نەتەوەی زێرابەکان | جەبار جەمال غەریب | |
| ٥. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی | د. جەعفەر عەلی | |
| ٦. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی... | د. جەعفەر عەلی | |
| ٧. مەحوی لەنێوان زاهیرییت و باتینییەت و ... | د. ئەحمەدی مەلا | |
| ٨. نهێنییەکانی ژیان | ئۆشۆ | ئازاد بەرزنجی |
| ٩. کورتیلەیەک لە مێژووی کات | ستیڤن هۆوکینگ<br>لیۆنارد ملۆدیتۆ | حوسەین حوسەینی<br>د. هیوا عومەر |

PDF 4 KURD

| | | |
|---|---|---|
| کۆشک | فرانتس کافکا | عەتا نەهایی |
| ١١. فەصلول مەقال | ئیبن ڕوشد | مەریوان عەبدول |
| ١٢. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا | وریا ڕەحمانی | |
| ١٣. دەسەڵات و جیاوازی | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٤. لە چ ئێستایەکدا دەژین | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٥. شوناس و ئالۆزی | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٦. دین و دونیا | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٧. سیاسەت و دونیا | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٨. کتێب و دونیا | مەریوان وریا قانیع | |
| ١٩. دواهەمین هەناری دونیا | بەختیار عەلی | |
| ٢٠. ئێوارەی پەروانە | بەختیار عەلی | |
| ٢١. جەمشید خانی مامم | بەختیار عەلی | |
| ٢٢. مەرگی تاقانەی دووەم | بەختیار عەلی | |
| ٢٣. کەشتی فریشتەکان (١) | بەختیار عەلی | |
| ٢٤. کەشتی فریشتەکان (٢) | بەختیار عەلی | |
| ٢٥.شاری موسیقارە سپییەکان | بەختیار عەلی | |
| ٢٦. سێوی سێیەم | بەختیار عەلی | |
| ٢٧. لە دیارەوە بۆ نادیار | بەختیار عەلی | |
| ٢٨. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان | بەختیار عەلی | |
| ٢٩. چێژی مەرگدۆستی | بەختیار عەلی | |

PDF 4 KURD

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن | بەختیار عەلی | |
| ٣١. مەعریفە و ئیمان | بەختیار عەلی<br>هێمن قەرەداخی | |
| ٣٢. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو... | گۆران ئیبراهیم صالّح | |
| ٣٣. سەمەرقەند | ئەمین مەعلوف | د. ئەحمەدی مەلا |
| ٣٤. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی | فاروق ڕەفیق | |
| ٣٥. ئەخلاقناسی | تەحسین حەمە غریب | |
| ٣٦. گەشەسەندنی ڕامیاری... | د. ک. پێسچانی | د. ئارام عەلی |
| ٣٧. مێژووی کۆنی کورد | د. جەمال ڕەشید<br>د. فەوزیە ڕەشید | ملکۆ کەلاری |
| ٣٨. منداڵانی گەڕەک | هیوا قادر | |
| ٣٩. مرۆڤی یاخی | ئەلبێر کامۆ | ئازاد بەرزنجی |
| ٤٠. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی... | هێرش جەوهەر مەجید | |
| ٤١. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... | فریشتە نورائی | هەورامان فەریق کەریم |
| ٤٢. کتێبی پەراوێزنووسان | عەتا محەمەد | |
| ٤٣. فیکر و دونیا (بەرگی ١) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٤. فیکر و دونیا (بەرگی ٢) | مەریوان وریا قانیع | |

PDF 4 KURD

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥. | دین و دونیا (چ. دووەم) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٦. | کتێب و دونیا (چ. دووەم) | مەریوان وریا قانیع | |
| ٤٧. | کۆمەڵگەی ڕەش | د. عادل باخەوان | |
| ٤٨. | زستانێکی درێژ | کولم تویبێن | دلاوەر قەرەداغی |
| ٤٩. | فرانسیسکۆس قەدیسی من | نیکۆس کازانتزاکیس | دلاوەر قەرەداغی |
| ٥٠. | ئاهەنگی تەگەکە | ماریۆ بارگاس یۆسا | جەلیل کاکەوەیس |
| ٥١. | شەوی لیشبۆنە | ئێریش ماریا ڕیمارک | کەریم پەڕەنگ |
| ٥٢. | من و ئەو | ئەلبێرتۆ مۆرافیا | کارزان عەلی |
| ٥٣. | میرنامە | جان دۆست | سەباح ئیسماعیل |
| ٥٤. | ڕوخسارە بەندکراوەکەم | لەتیفە | ڕوناک شوانی |
| ٥٥. | قەپێلک | مستەفا خەلیفە | هەورامان وریا قانع |
| ٥٦. | خەونی پیاوە ئێرانییەکان کەوتنی بۆرە قەڵا | ماردین ئیبراهیم | |
| ٥٧. | دارستانی نەرویجی | هاروکی موراکامی | تارا شێخ عوسمان |
| ٥٨. | گرگن | پێر لاگەرکڤیست | خەبات عارف |
| ٥٩. | ١٩٨٤ | جۆرج ئۆروێل | حەکیم کاکەوەیس |
| ٦٠. | سوور و ڕەش | ستاندال | سیامەند شاسواری |
| ٦١. | دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا | پاولۆکۆیلۆ | سیروان مەحمود |
| ٦٢. | جادەی مێخەک (١) | دلاوەر قەرەداغی | |
| ٦٣. | جادەی مێخەک (٢) | دلاوەر قەرەداغی | |
| ٦٣. | ئێوارستان | پێر لاگەرکڤیست | خەبات عارف |

PDF 4 KURD

**Par Lagerkvist**

# Sunset Land



**Translated By:**
**khabat Aref**

www.fb.com/PDFkurd
www.fb.com/PDFkurd



ENDESE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

www:endeshe.org
andesha.library@yahoo.com
http//:wwwfacebook.com/Andeshalib
07501026400

سلێمانی ـ شەقامی مەولەوی
تەلاری بازرگانی سیروانی نوێ
نهۆمی چوارەم
ناوەندی رۆشنبیریی وهونەریی ئەندێشە